روان

نـــــــاوی کتێب: ژووان
ئـامــادەکردنی: ئەیـــــاد فەهمـی
دیزاینی بەرگ: ناوەندی ڕێنـــوێن
دیزاینی تێکست: زەردەشـت کاوانی
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢٣
چـــاپ: نـاوەندی ڕێنـوێن
تیـــــراژ: (١٠٠٠) دانـــــە
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە ( ١٥٨٨ )ـی ساڵی (٢٠٢٣)ـی پێ دراوە.

**مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن©**

RENWEN

**ناوەندی ڕێنوێن**

07511408868 - 07501269689

hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com

سلێمانی - بازاڕی کاسۆمۆڵ -
نهۆمی دووەم/ دوکانی ژمارە ٤٥

# ڕووان

## سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کوڕان و کچان

ئامادەکردنی

ئەیـــاد فــەهمی

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ
لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ
إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾

بڵـێ: ئەی بەندەکانم،


ئەی ئەوانەی کە خۆتان گوناهبار کردووە و هەڵەتان زۆرە،

نابێت ئێوە لە ڕەحمەتی خودا بێ ئومێدبـن،

چونکە خودا لەهەموو تاوان و هەڵەکانتان خۆش دەبێت،

خودا زۆر لێبوردە و میهرەبانە...

ئەم کتێبە پێشکەشە بە...



# پێشەکی

لە دوای تەواوبوونم لە کتێبی من نزیکم ﴿فَإِنِّي قَرِيبٌ﴾، خەیاڵم بۆ ئەوە چوو کتێبێک ئامادە بکەم لەسەر پەیوەندی ناشەرعی نێوان کوڕان و کچان، دەزانم کتێب نییە لەم بارەیەوە، بەڵکوو لەبەرانبەردا چەندین کتێب هەیە کە ئەو شتەیان جوان کردووە و سانایان کردۆتەوە، سوپاس بۆ خودا کە یارمەتی دام و ئەم کتێبەی لێ دەرچوو، بابەتەکە بابەتێکی زۆر گرنگە و گەنجێکی زۆر تووشی ئەو تاوانەبوونە، ئەم کتێبە وەک ڕێبەرێک وایە بۆ ڕزگاربوون لەو گێژاوە، یان باشتر بڵێم بۆ نەکەوتنە ناو ئەو گێژاوەوە، سەرەتا زیاتر لە سەد وتەم داناوە کە پڕیەتی لە پەند و ئامۆژگاری بۆ گەنجان و ڕێگای ڕزگاربوونیان پیشان دەدات، دواتریش بەشێوەیەکی چڕتر باسی پاڵنەرەکان، مەترسیەکان، چارەسەرەکانم کردووە. باسی خودی خۆشەویشتی و عیشقم نەکردووە، وەک چۆن نەموتوە شتێک نییە بەناوی خۆشەویستیەوە، کتێبی تر لەم بارەیەوە زۆرن و چەمکی خۆشەویستیان بە جوانی ڕوونکردۆتەوە، بەڵکوو باسی ئەو پەیوەندیەم کردوە کە لەژێر ئەو ناوەدا دەکرێت و حەرامە و گەنجان تووشی هەڵە و پەڵە دەکات، واقعیانە هاتومەتە گۆ و شتی نالۆژیکی و فریودەرم باس نەکردووە، بێ موجامەلە هۆکار و چارەسەرم داناوە، پشتیوان بەخودا سوودێکی باشی دەبێت بۆ گەنجەکانمان، دەبێتە مایەی ڕزگاربوونیان لە فێڵ

و تەڵەکەی شەیتان، ڕێی حەڵاڵ دەگرنەبەر و یوسف ئاسا و مەریەم ئاسا خۆیان لەخراپە و حەرام دەپارێزێن...

**ئەیاد فەهمی سەنگاوی**

**٢٠٢٢/١٢/٢٤**

# وتەی دکتۆر بەختیار کەمال تاڵەبانی لەسەر ئەم کتێبە

کچان و کوڕان دوو ڕەگەزی تەواو لەیەک جیاوازن بۆ تەواوکردنی ژیان، ئەم دوو ڕەگەزە خوای گەورە دروستی کردووە بۆ ئەوەی هۆکارێک بن بۆ تەواوکردنی یەکتری و بەردەوامی لەژیاندا، هۆرمۆن و شێوازی بیرکردنەوە و حەز و خولیا و توانای ئەم دوو ڕەگەزە بەشێوازێک دروست کراوە یەکتری تەواو بکەن و چێژ و خۆشی بەیەکتری ببەخشن و هۆکار گەلێک بن بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو قۆناغ بە قۆناغ بتوانرێت بەجوانترین شێوە، بە ئاسوودەترین شێواز ژیانی سەرگۆی زەوی بەڕێ بکەن.

ئەم دوو ڕەگەزە وەکو میوەیەک وان بە دارەوە بێت، ئەگەر بێتو زوو ئەم میوەیە لێ بکرێتەوە یان دەستکاری بکرێت، یاخود کاریگەری چواردەوری لەسەر بێت، بەدڵنیاییەوە ناگاتە کاتی پێشگەیشتن و تێگەیشتنی خۆیان و ناتوانن چێژ بە بەرانبەر ببەخشن، بۆیە ئەم دوو ڕەگەزە دەبێت هەمیشە کاتی گونجاو بۆ هەنگاوەکانی ژیانیان هەڵبژێرن...

دەبێت کچەکانمان و کوڕەکانمان بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا دەکەن، کارێکی وەها بکەن، قسەکردنیان، گوفتارەکانیان، هەڵسوکەوتیان بەشێوازێک بێت ڕێز و شکۆی

خۆیان بپارێزن و هۆکارێک نەبن بۆ ناشرینبوونیان بەرانبەر ڕەگەزی بەرانبەر و تێکچونی شیرازەی خێزان و خانەوادە...

ئەم کتێبە لە زۆر ڕووەوە بە کچ و کوڕە ئازیزەکانمان دەڵێت:

- چ شێوازێکی تەندروست بەکاربهێنن لە هەڵسوکەوتدا.
- بە چ شێوازێک ڕەفتاربکەن لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر!
- چۆن تووشی هەڵەنەبن لە هەنگاونان لەژیاندا؟!
- هەر کاتێک تووشی هەڵەبوون،

چۆن بتوانن بە کەمترین زیان لەم هەڵانە قوتارببن؟!

خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ کچ و کوڕە ئەزیزەکانمان زۆر گرنگە بەتایبەتی لەقۆناغی هەرزەکاریدا، بۆ ئەوەی بە پاکترین و سەلامەت ترین و جوانترین شێواز هەنگاوەکانی ژیانیان بنێن بۆ ئەوەی سەرکەوتووبن لە دونیا و قیامەتدا...

پرۆفیسۆری یاریدەدەر

دکتۆر بەختیار کەمال تاڵەبانی

مامۆستای زانکۆ، سلێمانی.

love

## ئەم کتێبە بۆ کێ بەسوودە

* بۆ هەموو کوڕێک و کچێکی لاو.

* بۆ ئـەو گەنجانەی نەچوونەتە ژیانی هاوسەرگیرییەوە.

* بۆ ئەوانەی تازە دەچنە زانکۆ.

* بۆ دایک و باوکان، بۆ ئەوەی ئاگایان لە منداڵەکانیان بێت و ئەو ڕێگایانە بزانن کە چۆن ڕێگری دەکەن لەوەی تووشی پەیوەندی ناشەرعی ببن.

* بۆ مامۆستایان زۆر بەسوودە، بۆ ئەوەی بتوانن بە چەند وانەیەک پەیامی کتێبەکە بگەیەنن و خوێندکارەکانیان بە دووربن لەو شتانە.

* بۆ ئەوانەی نەوەی گەنج گوێیان لێ دەگرن،

بتوانن ڕێنوێنیان بکەن و ڕێی ڕاستیان پێشان بدەن.

* ئەگەر دەتوانیت کتێبەکە بکە بەدیاری بۆ کوڕان و کچانی چواردەورت، ئەمە باشترین دیارییە بۆیان، ژیانی پێ دەبەخشیتەوە و ڕزگاری دەکەیت لە حەرام و خەمێکی قوڵ...

love

-١-

– یەکتربینینی شەرعی.
– داواکردن.
– مارەبڕین.
– گواستنەوە.

ئەمە ”پەیمانی گەورە و بەهێزە“
پەیوەندییە حەرامەکان فریوت نەدەن...

love

-٢-

ڕەحمەتی خودا لەو لاوەی،
بە پەنجەکانی دای لە دەرگای حەڵاڵ،
چاوەڕێی کرد،
بەڵام بۆی نەکرایەوە...

دواتر خۆی لەحەرام پاراست و
دڵی هەڵگرت و ڕۆیشت...

love

## -٣-

سەرەتا تەنها نامەیەکی بۆ نارد:

سڵاوی خودات لێ بێت، باشن برابەڕێزەکەم،

بڵاوکراوەکانت زۆر زۆر بەسوودن،

سەرسامم بە پێشنیارەکانت،

ژیانم گۆڕاوە...هتد...

دواتر گەیشتن بە قۆناغێک شەرم دەکەیت باسی بکەیت...

ڕەحمەتت لێ بێت،

هەر لەیەکەم هەنگاوەوە دووربکەوە،

ئەمە دەرگای چیرۆکەکەیە...

love

## -٤-

لە شوێنێک لە شوێنەکان،

کەسێکی چاک و پاک،

لەهەموو نوێژێکدا دوعا دەکات تۆ ببیتە حەڵاڵی...

love

## -٥-

گەنجە جوانەکان،
تەقوای خوداتان هەبێت و مەردبن،
پەیوەندی حەرام لەگەڵ هیچ ئافرەتێکدا مەبەستە،
چونکە ڕازی نابیت ئاوا لەگەڵ خوشکەکەت بکرێت!

وەها تەماشایان بکە خوشکی خۆتن،
کارێک مەکە کە بۆ خوشکەکەت پێت خۆش نییە!

ئەگەر هەڵەت کردووە هەمووومان تاوان دەکەین،
هەڵەکەت ڕاست بکەرەوە و تەوبە بکە،
گەر ناتوانی بچیتە داوای قسەی لێ دابڕە،
زیاتر و زۆرتر خۆت تاوانبار مەکە...

خوشکەکەم،
خۆت بەدووربگرە لەو شتانە و متمانەیماڵەوەتان مەشکێنە،
باش بزانە ئەوەی تۆی خۆشبوێت،
ڕازی نابێت سەرپێچی خودا بکەیت و
خیانەت بکەیت و متمانەی ماڵی باوکت بشکێنیت...

love

## -٦-

بەردەوام دووبارەی دەکەینەوە و دەیڵێینەوە:

ئەوەی لەنێوان دوو ڕەگەزەکە ڕوودەدات لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا،
لە قسەکردن و نامەناردن و پێکەنین وەک ئەوەی هاوسەرن و
لەیەک ماڵدان،
بەپێی شەرع حەرامە و بێ ئەدەبییە و
بێ شەرمییەکی ئاشکرایە...

مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر کۆمەڵگا،
ئەوەی بەشتێکی ئاسایی دەزانێت،
نەفامە و ئاگای لەخۆی نییە چۆن کەوتۆتە ناو کۆمەڵێک
تاوانی گەورەوە...

تاوان تاوانی تر ڕادەکێشت، لێی نزیک مەبەرەوە...

## -٧-

ئەگەر هەنگاوێک لە حەرام دووربکەویتەوە،
حەڵاڵ بەهەڵەداوان بەرەو ڕووت دێت...

-٨-

ئەگەر دەتەوێت خۆشەویستییەکی حەقیقیت بەنسیب ببێت،

دڵت تەنها ڕادەستی ئەو کەسە بکە کە دێت بۆ ماڵی باوکت و

بە حەڵاڵی داوات دەکات،

ئەو کوڕەی دڵتی پاراست لەوەی تووشی حەرام ببێت...

خۆشەویستی حەرام وەک ئاگر وایە،

هەرچی جوانی دڵە دەیسوتێنت...

love

-٩-

- خۆشەویستی چییە؟

- کۆمەڵێک هەستی دیلکراوە بۆ هاوسەرێکی پاک و بێگەرد،

کۆتەکانی دەکرێتەوە

دوای ئەوەی ئەو مامۆستایەی لەیەکتان مارە دەکات دەڵێت:

" بَارَكَ اللَّهُ لَكما، وبَارك عَليّكما، وجَمَعَ بيّنكُما فِي خَيّر"

love

## -١٠-

کچێک دەڵێت:

خۆم ڕزگار کرد لە تەڵەی پەیوەندییە حەرامکراوەکان،
وازم لەو کوڕە هێنا کە زۆر خۆشمدەویست و وابەستەی بووبووم...

لەبەر هیچ شتێک نا؛
تەنها لەبەر ئەوەی زانیم خۆشەویستیەکەی وای لێکردوم
چەندین تاوان و سەرپێچی ئەنجام بدەم!
مێشکی داگیرکردبووم و لەخودا دووری خستبومەوە...
زانیم هاوسەرگیری ڕۆزییە و بەمشێوەیە بەدەست نایەت،
زانیم ئەگەر لەپێناوی خودا واز لەشتێک بهێنم
بە باشتر قەرەبووم بۆ دەکاتەوە.

هەموو دەرگاکانم بەڕوویدا داخست،
بلۆکم کرد و بواری گەڕانەوەم بۆی نەهێشتەوە...
دڵم ئارامبوو، ئاسوودەبووم،
دوای ماوەیەک خودا قەرەبووی بۆ کردمەوە...

love

## -١١-

خودا دڵی ئەو کەسە دامەزراو و جێگیر بکات،
کە هەوڵ دەدات خۆی لە پەیوەندی حەرام بپارێزێت...

بەرەکەت بکەوێتە ژیانی ئەو کەسەی زانی پەیوەندییەکەی حەرامە،
لە پێناوی خودادا وازی لێ هێنا.

love

## -١٢-

ئامان نەکەی یەکێک بیت لەقوربانییەکانی پەیوەندی حەرام،
هەر کەسێک دڵی وابەستەی خودا بکات،
خودا یارمەتی دەدات و دانایی پێ دەبەخشێت و بەرچاورۆشنی دەکات...
ئەوەی دڵی پەیوەست بکات بە ئارەزووەکانیەوە،
تووشی زیان و خەسارەتمەندی دەکات...

دڵت پڕ بکە لە خۆشەویستی خودا،
بۆ ئەوەی شوێنی پەیوەندی حەرامی تێدا نەبێتەوە...

love

## -١٣-

ئەو کەسەی تەرازووی کردەوەکانت پڕ دەکات لە تاوان،

ئەو کەسەی سەرپێچی کردنی خودای بەلاوە سانایە،

ئەو کەسەی لەتۆدا ئارەزووەکانی بەتاڵ دەکاتەوە،

ئەو کەسەی ژیانت لێ تێک دەدات...

شایەنی ئەوەیە ڕقت لێی بێت و دووربکەویتەوە لێی،

نەک بەپاساوی خۆشەویستیەوە لەگەڵیدا بمێنیتەوە...

love

## -١٤-

ڕێگای پەیوەندی حەرام ڕێگایەکە پڕە لە سەختی و ناڕەحەتی،

هەر کەسێک پێیدا ڕۆیشتووە تووشی زیانێکی زۆربووە،

ئارامییان نەماوە و ژیانیان پڕبووە لە خەفەت...

پەندیان لێ وەربگرە و ئەو ڕێگایـە مەگرە بـەر.

love

## -١٥-

هۆکاری سەرەکی کەوتنە ناو پەیوەندی حەرامەوە،
فەراغی زۆر و دەست بەتاڵییە...
نەفست سەرقاڵ بکە بەچاکەوە،
بۆ ئەوەی سەرقاڵت نەکات بەخراپەوە...
چەندێ کاتی بەتاڵت زۆربوو،
بە پەیوەندی حەرام پڕی مەکەرەوە،
ڕازی بە و بەرەو حەرام هەنگاو مەنێ،
بۆ ئەوەی ڕازیبوونی خودا بەدەست بهێنیت و حەڵاڵت بۆ ئاسان بکات...

## -١٦-

دڵت بپارێزە بۆ ئەو بەندە چاکەی،
کە ئارامی گرتووە بەرانبەر هەموو فیتنەکان و
یەقینی وایە تۆ دیاری خودای بۆ ئەو و
بەشێکیت لەپاداشتی ئەو ئارامگرتن و ئازارەی هاتە ڕێی...

## -١٧-

گومانت وابوو تاریکایی شەو دەتپۆشێت و خودا ناتبینێت؟

گومانت وابوو بێ ئاگایە لێت، یان ئارەزووەکانت خودای لە بیربردیتەوە؟!

ناترسیت لەو دۆخەدا مردن پێت بگات و ئاوا بچیتەوە خزمەتی خودا؟!

خەسارەتمەندی دونیا و قیامەت بیت!

بزانە، ئارام بگریت و ئەو تاوانە ئەنجام نەدەیت،
ئاسانترە لەوەی بە ئاگر داخ بکرێیت...
ئاسانترە لەو تەنیایی و تاریکییەی لەدڵتدا دروست دەبێت...

دەگەیت بە هاوسەرێکی باش و گونجاو،
دەگەیت بەو هاوسەرەی تۆی زۆر خۆشدەوێت،
هەربۆیە پەلەمەکە و شەرمی خۆتی بۆ مەشکێنە،
کەرامەتی خۆت و خێزانەکەتی بۆ کەم مەکەرەوە،
لەبەر ئەو سەرپێچی خودا مەکە،
دڵت بپارێزە...

love

# -١٨-

تێکەڵبوونی کوڕ و کچ بەبێ مەرج و بەربەستێک،

کاریگەرییەکی زۆر خراپی هەیە لەسەر هەردوو ڕەگەز...

بڕوانە،

حەرامە ژن و پیاو لەمزگەوتدا تێکەڵ ببن،

کە پاکترینی شوێنی سەر زەوییە.

حەرامە تەوقە لەگەڵ ئافرەتدا بکرێت،

کە کەمترین دەست لێدانە.

حەرامە ئافرەت بۆ دەرەوە پاوانە بکاتە قاچی،

کە سوکترین دەنگی هەیە.

ئەی گومانت چییە بە پەیوەندییەک،

لە هەموو ئەوانە زۆرتر و گەورەتری تێدایە؟!

## -١٩-

ئەگەر لە شوێنێکبوویت کورٍ و کچ تێکەڵبوون:
زۆر تەماشا مەکە، زۆر قسەمەکە،
سۆعبەت مەکە، با قسەکانت کورت و پوخت بن،
زۆر کراوە مەبە، ئامان ئاگات لەخەڵوە بێت،

قسەیەک مەکە دوو واتا هەڵبگرێت،
مەودایەک با لەنێوانتاندا هەبێت،
سنووری خۆت و ئەویش بزانە...

love

## -٢٠-

خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگەز ئەوەیە لەنێوان دوو هاوسەردایە،
بەڵام پەیوەندی حەرام
گەرچی ئەنجامدەرەکەی دروشمی خۆشەویستی بەرزبکاتەوە،
ئارەزوویەکە و هەر زوو دەڕوات و تاوان و دڵتەنگییان بۆ دەمێنێتەوە...

love

## -٢١-

خەیاڵی ئەوە بکە لەلای خودا بەندەیەک بیت،
کە حەرامت واز لێهێناوە و پاک خۆت ڕاگرتوە و
گوێڕایەڵی خودات کردووە...

خەیاڵی ئەوە بکە بخەویت و
موبایلەکەت ڕەمزی لەسەر نەبێت و خەمت نەبێت ئاشکرا بیت...

بە ئازادی بژیت و هیچ کەسێک ژیانی کۆت نەکردبیت،
ژیانت دووربێت لە تاوانی پەیوەندی حەرام و
خاوەنی ویژدانێکی ئاسوودەبێت،
خێزانەکەت سەربەرزکردبێت و متمانەکەیانت بەزایە نەدابێت.

خەیاڵی ئەوە بکە ئارامت گرتووە و نەفست پاراستووە،
وازت لە هەموو شتێکت هێناوە بۆ خودا و لەپێناوی خودادا،
دواتر لەپێناوی دایک و باوکت، دواتر لەپێناوی خۆتدا...

هەر پەیوەندییەک بەرەو خودات نابات، وازی لێ بهێنە...

love

## -٢٢-

ئەی قەدرگران، ئەو دەمەی لەگەڵ کوڕێکدا پەیوەندی حەرامت هەیە،

ئەمە لە خودا دوورت دەخاتەوە...

هەستەکانت بۆ کەسێک دەردەبڕیت و پێی دەبەخشیت،

لەوەیە نسیبی تۆ نەبێت و ببێتە مێردی کەسێکی تر...

ئەگەر ئاوا بەردەوامبن لە قسەکردن و چاتکردن،

دەگەنە قۆناغێک کە زۆر قێزەونە...

زۆر پەشیمان دەبیت لەم کارەت،

چونکە دڵت بە غەیری خوداوە پەیوەستبووە و

دڵت نەپاراستووە هەتا ئەو دەمەی کەسێک دێت و

بە حەڵاڵی پێی ببەخشیت...

لەبەر خودا ئێستا واز بهێنە،

چونکە زۆربەی ئەو پەیوەندییانە بە ئازار و خەم کۆتایی دێت...

سومعەیەکت هەیە مەیشوێنە، پەڕەیەکی پاکیت پیسی مەکە،

باوکت سەربەرزە سەرشۆڕی مەکە،

دایکێکی بەسۆزت هەیە خەمباری مەکە...

تۆ زۆر لەوە بە بەهاتر، بەڕێزتر، گەورەتریت،

کە کەسێک کاتت پێ پڕ بکاتەوە و بۆ حەزی خۆی بەکارت بهێنێـت...

ئاگات لەخۆت بێت...

love

-٢٣-

هەندێ هاوسەرگیریی

نموونەی شافیعی و ئیمامی ئەحمەدی لێ دێتە بەرهەم،

کە باشترە لە عیبادەتی چەندین ساڵ...

لەبەر ئەمە هاوسەرگیری دەکەین، بەم شێوەیە

ماڵێک لەسەر تەقوا و ڕازیبوونی خودا بونیاد دەنرێت...

هاوسەرگیری دەکەین بۆ ئەوەی

لە پشتی ئێمەوە کەسانێک بێن پەرستشی خودا بکەن...

love

## -٢٤-

ئەو دەمەی چاوت لە تەماشاکردنی حەرام دەپارێزیت،

کۆتاییت بە چیرۆکێک هێناوە پێش ئەوەی دەست پێ بکات...

love

## -٢٥-

ئارام بگریت لەسەر دواکەوتنی هاوسەرگیری کردنت،

زۆر باشترە لەوەی

لەسەر هاوسەرگیرکردنێکی هەڵە ئارام بگریت...

love

# -٢٦-

بە خێزانەکەی وت:

خۆشمدەوێیت، بەهۆی تۆوە لەخودا نزیک دەبمەوە،

لە دوعاکانمدا ناوی تۆ دەبەم،

پێغەمبەری خودا ﷺ چۆن بوو بەرانبەر عائیشە،

منیش وادەبم بۆ تۆ...نازت هەڵدەگرم و ڕێزت لێ دەگرم،

بەپاکی و لەسەر ڕێبازی ئەو خۆشمدەوێی...

خۆشمدەوێی بۆ ئەوەی پێکەوە لە بەهەشت بین،

بۆ ئەوەی بەیانیان سڵاو لە فاتیمە و ئیمامی عەلی بکەین،

دراوسێی هاوەڵە ئازیزەکان بین...

پێکەوە بچینە خزمەتی پێغەمبەری خوداﷺ و

پێی بڵێم: بەرانبەر خێزانەکەم تەقوای خودام هەبوو،

باشبووم لەگەڵی وەک چۆن وەسیەتت بۆ کردبووین،

بەهۆی ئەمەوە خودا منی کردە بەهەشتەوە...

love

## -۲۷-

کچێکم خۆشویست، داوام لەخودا کرد پێم ببەخشێت!

بەبێ ویستی خۆم کەوتمە خۆشەویستی کچێکەوە،

چەند جارێک بینیم، منیش یەک دووجار تەماشام کرد، هەستێکم بۆ دروست بوو، نەمدەزانی چییە، دواتر بۆم دەرکەوت کەوتومەتە خۆشەویستیەوە...

چوومە خزمەت مامۆستاکەم، پێی وتم: کەوتنە خۆشەویستییەوە شتێکە بێ ویستی خۆتە، لەسەر ئەمە لۆمەت ناکەم، بەڵام ئێستا چیت دەوێت؟

وتم: ئەو کچەم دەوێت، دەمەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم!

پێی وتم: کارەکەت ڕادەستی خودا بکە و مەترسە،

نامەی بۆ مەنێرە، قسەی لەگەڵ مەکە، تەماشای مەکە، ئارام بگرە،

ئارام گرتن زۆر شت چارەسەر دەکات و خێرێکی زۆر دەهێنێت...

وتم: دەترسم لەدەستم بچێت، یان هاوسەرگیری بکات!

وتی: ئەی نەموت ڕادەستی خودای بکە و خودا نائومێدت ناکات..

ئێستا پێویستە بژێویەک بۆ خۆت دابین بکەیت،

کار زۆربکە و هەوڵی زۆر بدە لەپێناو ئەوەی بە حەڵاڵی بۆ تۆ بێت...

لەگەڵ ئەمەیشدا دوعاکردنت بیرنەچێت...

زانیم دەبێت چی بکەم، دڵم ئاسوودە و ئارام بوو،

هەموو کارەکانم ڕادەستی خودا کرد،خودایش یارمەتی دام،

ئیمڕۆ کە یادگارییەکانم دەنووسمەوە لەپەنامدا دانیشتووە،

بەڵام کچەکەمان لەنێوانماندایە...

love

## -٢٨-

بیرۆکەی

هاوسەرگیرییەک سەرەتاکەی بە حەڵاڵ دەست پێ بکات،

دووربێت لە هۆڵ و تێکەڵی و بەزاندنی سنووری خودا،

بیرۆکەیەکی زۆر ئارام بەخشە و

ئومێد دەکرێت هاوسەرگیرییەکی پڕ بەرەکەت بێت...

love

-٢٩-

ئەگەر کەسێکت دەوێت پاک بێت و

دڵی بەر هیچ حەرامێک نەکەوتبێت...

تۆیش دڵت واڵا مەکە بۆ هیچ کەسێک و

مەهێڵە تووشی حەرام ببێت.

کەسی باش، کەسی باشی دەوێت،

بۆ ئەوەی نەوەیەکی باشی ببێت و

لە ڕیزی باشەکاندا پشکێکی هەبێت...

خودا دڵت بپارێزێت و حەڵاڵت بۆ ئاسان بکات...

love

## -٣٠-

پەیوەندی خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچ حەرامـە،

گەرچی هانی یەکتری بدەن بۆ ئەنجامدانی شەونوێژ،

گەرچی یەکتری هەڵسێنن بۆ نوێژی بەیانی...

ئەوەی تۆی خۆشبوێت دەترسێت تووشی سزابیت.

هەوڵدەدات هەر قەدرگران بیت و قسەی خراپت لەگەڵ ناکات،

پیاوانە دێتە داوات و ڕێی حەڵاڵ دەگرێتە بەر...

ئاگاداربـە ئەو تاوانە کاریگەری لەسەرت هەر دەمێنێت،

گەرچی هاوسەرگیریش بکەیت...

چونکە بەو پەیوەندییە دڵت داخ دەبێت،

هەربۆیە خودا حەرامی کردووە...

love

## -٣١-

کچێک دەڵێت:

ناتوانم بچمە پەیوەندییەکی حەرامەوە کە پێی دەڵێن: خۆشەویستی،

وێنای ئەو کارەساتە بکە ڕۆژانە تووشی دەبم:

کەسێک بەهیچ شێوەیەک لێم نزیک نییە و خۆشی دەوێم...

بەخەیاڵی خۆمان دەستی یەکتری دەگرین وەک ئەوەی بوک و زاوایەکی تازەین و لە مانگی هەنگویندان، بە شەیداییەکی زۆرەوە خۆشەویستی بۆ یەکتری دەردەبڕین، دواتر لە باخچەیەکدا دادەنیشین و پێکەوە شت دەخۆین...

دواتر دەست دەکەین بە قسەکردن و کاتێک دەزانین چەند کاتژمێر تێپەڕیووە، لە خەونەکانیشدا گەیشتووینە بە قۆناغێکی بەرز، دوو سێ منداڵمان بووە و ناوی سەردەمیانەمان لێ ناوە، دواتر لەناکاودا بیرم دەکەوێتەوە کۆمەڵێ ئیشی ماڵەوەم لەسەرە، بەخێرایی دەست دەکەم بە کارەکانم...

دەچمە ژوورەکەم و نامەیەکم بۆ دەنێرێت:

گیانەکەم ئیشەکانت کرد؟!

دەڵێم: گیانەکەم هەموویم کرد،

ئەڵێی یەکەمجارمە لەدوای هاوسەرگیری سەردانی ماڵی باوکم دەکەم...

دواتر هەتا نیوەی شەو پێکەوە قسە دەکەین،

لەبری ئەوەی پێش خەوتن شایەتومان بهێنم،

پێی دەڵێم: خۆشمەوێی!

دواتر خەوم لێدەکەوێت و نوێژی بەیانیم دەچێت،

چونکە شەو درەنگ خەوتووم،

عوزرم هەیە من کەوتومەتە خۆشەویستیەوە...

بەهەمان شێواز چەندین مانگ بەردەوام دەبین،

هەندێ جار دەبێتە شەڕمان و بەدرێژایی شەو دەگریم،

هەتا ئەو ئاشتم دەکاتەوە...

بەڵکوو لەوەیە چەند ساڵێک ئاوا بەردەوام بین...

هەتا کچێکی تر دەدۆزێتەوە و ڕێگاکەی لەگەڵ ئەو تەواو دەکات،

لەناکاودا هاوسەرگیرییە ئەلکترۆنیەکەی ئێمە شکست دەهێنێت و

دواتر دەناڵێنم بەدەست چەندین گرفت و موعاناتەوە...

- ئایا تەنها بیرکردنەوە لەمە،

قێزەونی کارەکەی بۆ دەرنەخستی؟!

## -٣٢-

دوای مانگێک لە هاوسەرگیری کردنم،

ڕاکشابووم و خێزانەکەشم لەپەنامدا خەوتبوو، نامەیەکم بۆ هات، نووسرابوو:

من فلانە کچم، دەزانم هاوسەرگیریت کردووە،

بەڵام هەر خۆشم دەوێیت و بیرت دەکەم...

موبایلەکەم قوفڵ کرد و ڕوانیم لەخێزانم،

بەهۆی ماندووبوونیەوە لەخەوێکی قوڵدا بوو،

بیرم کردەوە چ شتێک ئەم ئارامیەی پێبەخشیوە،

لەم ماڵە نوێیەیدا ئاوا نوستوە؟ دوور لەو ماڵەی تێیدا گەورەبووە،

لەو شوێنەی کە تەنها بەڕوانینەکەی دەیانزانی چیەتی،

باوکی هەموو شتێکی بۆ دەکرد، براکەی هەمیشە دیاری بۆ دەکڕی،

زۆر دڵخۆشبوو لەوێ، ئێستا لێرەیە گرنگیم پێدەدا، دڵخۆشم دەکات،

لەهەمووی زیاتر متمانەی بەمێردەکەیەتی،

کە پاسەوانی دەکات و قەڵایە بۆی،

هەموو ئەمانە هات بەمێشکمدا،

موبایلەکەم کردەوە بێ وەڵام دانەوە بلۆکم کرد،

من پیاوم خیانەت ناکەم،

خێزانەکەم ناڕوخێنم، پێش خێزانم لەخودا دەترسم...

love

## -٣٣-

• کەسێک لە تەمەنی ٢٠ساڵیدا هاوسەرگیری کرد،

دوای ١٠ساڵ منداڵیان بوو...

کەسێکی تریش لە ٣٠ساڵیدا هاوسەرگیری کرد،

دوای تەنها ١ساڵ منداڵیان بوو...

• ئافرەتێک لە تەمەنی ٢٢ساڵیدا شووی کردووە،

بەڵام پیاوەکەی زۆر بۆی خراپە...

ئافرەتێکی تر لە تەمەنی ٣٤ساڵیدا شووی کردووە،

بەڵام پیاوەکەی زۆرباشە بۆی...

• کەسێک لە تەمەنی ٢٢ساڵیدا زانکۆی تەواوکرد و

دوای پێنج ساڵ چاوەڕوانی ئینجا دامەزرا...

کەسێکی تر لە تەمەنی ٢٧ساڵیدا زانکۆی تەواوکرد و یەکسەری دامەزرا...

- وەها بۆت وێنا دەکەن،

کە پێشت کەوتون یان تۆ لەدوای ئەوانیت،

تۆ پێش کەس نەکەوتویت، وەک چۆن لەدوای کەسیش نیت،

تۆ ڕێک لەو شوێن و کاتەدایت کە خودا بۆی داناویت،

بە ئاسوودەیی و دڵخۆشییەوە بژی...تۆ لەکاتی گونجاوی خۆتدایت...

love

## -٣٥-

- بە شەرم و حەیاوە دەڕۆیشت بەڕێگادا.

- ئەی چی ڕوویدا؟

- هاوسەرگیری لەگەڵ پێغەمبەرێکدا کرد...

شەرمەکەت،

باڵاپۆشیەکەت ڕێگر نییە لە هاوسەرگیری کردنت.

love

## -٣٦-

ئەگەر هاوسەرێکت هەڵبژارد لەخودا دەترسا،

ئەوا هەرگیز لێی مەترسە و پێویست ناکات چاودێری بکەیت،

چونکە خودای کردووە بەچاودێر بەسەر جوڵە و کارەکانیەوە،

ئاشکرا و نهێنینەکانی،

زۆر دوورە لەوەی ئازارت بدات یان ستەمت لێ بکات...

ئەو کەسەی لەخودا دەترسێت،

نە لێی بترسە، نە لەگەڵیدا ترس هەیە...

# -٣٧-

هاوسەرگیری ڕۆزییە،
پەیوەندی حەرام ئەو ڕۆزیەت بۆ پێش ناخات،
جا هەر ناوێکی لێ بنێیت...

لەپێناو شتێکدا سەرپێچی خودا بکەیت،
خودا بە گرتنەوەی ئەو شتە سزات دەدات..

ئەو سەرەتایەی خودا ڕازی ناکات،
کۆتاییەکەی تۆ ڕازی ناکات...

پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی:
" کەمی و خاوی ڕۆزیەکەتان،
واتان لێ نەکات بە تاوان و حەرام بەدەستی بهێنن،
ئەوەی لەلای خودایە بە گوێڕایەڵی کردنی بەدەست دێت"

love

## -٣٨-

- زۆر بە تۆ سەرسامم، ئاواتەخوازم دەرفەتێکم پێ بدەیت

هەتا ڕاستگۆیی خۆمت بۆ بسەلمێنم....

- ماڵێکمان هەیە دەتوانی بدەی لە دەرگاکەمان،

باوکێکم هەیە ڕێز لەمیوان دەگرێت،

لەلای چەپم دڵێک هەیە،

سوێندم خواردووە تەنها خۆشەویستی حەڵاڵی پێ بدەم،

دەرفەت و ڕێزت هەیە ئەگەر بەڕێگەی شەرع بێیتە پێشەوە،

دڵی ئێمە، تەنها ئەوانە بەدەستی دەهێنن

کە ڕێی حەڵاڵیان هەڵبژاردووە...

love

## -٣٩-

واز لە پەیوەندییە حەرامەکەت بهێنە،

ئەو وردەکارییانەی تۆ بەجوانی دەزانیت،

هەمووی تاوانە و لەسەرت دەنووسرێت،

بەهێزبە و لەبەر خودا وازی لێ بهێنە...

love

## -٤٠-

ئەی قەدرگران،

بە نهێنی قسەی لەگەڵ مەکە و سەرنجی ڕامەکێشە،

ئەگەر خێری تێدابێت، خودا دەیهێنێتە ماڵەکەتەوە،

ئەگەر شەڕی تێدابێت، ئەوا خۆت و ئەویشت پاراستووە،

خۆت پاک ڕاگرتووە و یارمەتی ئەوت داوە پاک و بێگەردبێت،

خودا بە مەزنتر سارێژت دەکات...

پاک و بێگەرد بە، ئەوەیش بزانە، کەوتنە خۆشەویستیەوە واتای ئەوە نییە خۆتی بۆ بخەیتە حەرامەوە، خۆشەویستی هەستێکی پاک و بێگەردە،

نابێت بهێڵیت پیس ببێت، چیرۆک و ڕۆمانە بێ ماناکان فریوت نەدەن،

خۆشەویستی کاتێک گەشە دەکات لە حەڵاڵدا بێت و توخنی حەرام نەکەون؟!

بەڕێگەی شەرعی خۆی داوای بکەن و شوێنی بکەون!

دەزانیت خۆشەویستی حەقیقی چییە، ئەوەیە ئەو کوڕە پاک و مەردە بدات لە دەرگای ماڵتان و بێتە خزمەتی دایک و باوکت،

بە زمانی حاڵی پێیان بڵێت:

کچەکەی ئێوەم خۆشدەوێت،

دەمەوێت هاوسەری ژیانی و هاوڕێی تەمەنی بم...

love

## -٤١-

ئەو دەمەی کچێکی بچووک هەموو هەوڵی خۆی دەدات،
بۆ ئەوەی یارمەتی دایک و باوکی بدات...

ئەو دەمەی ئافرەتێک حەزی بە چایی نییە،
بەڵام پێش ئەوەی بیدات بە مێردەکەی تامی دەکات...

ئەو دەمەی دایکێک بەلەزەترین بەشی خواردنەکە
دەدات بە منداڵەکەی...

ئەو دەمەی هاوڕێیەک دەستی هاوڕێیەکی دەگرێت
بۆ ئەوەی نەکەوێت...

ئەو دەمەی برایەک چەندین پەیام بۆ خوشکەکەی دەنێرێت،
هەتا دڵنیابێت بە سەلامەتی گەیشتوەتەوە ماڵ...

خۆشەویستی ئەوە نییە کوڕێک دەستی کچێکی گرتبێت،
بەڵکوو خۆشەویستی گرنگی پێدانە لەهەر شوێنێک بێت...

love

-٤٢-

دواکەوتنی هاوسەرگیری کردن،

هەرگیز ئەوەت بۆ حەڵاڵ ناکات پەیوەندی حەرامت هەبێت،

لەوەیە دواکەوتنی هاوسەرگیریەکەت تاقیکردنەوەیەک بێت لەلایەن خوداوە،

بۆ ئەوەی ڕاستگۆیی و ئارامگرتنت دەربکەوێت...

﴿وَلۡيَسۡتَعۡفِفِ ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغۡنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦ﴾

واتە: ئەوانەی هاوسەریان دەست ناکەوێت هەوڵ بدەن داوێنی خۆیان پاک ڕابگرن، هەتا خوا لە فەزڵی خۆی دەوڵەمەند و بێ نیازیان دەکات...

love

-٤٣-

کچی ژیر:

دەروون و دینی خۆی تێک نادات

لەپێناو پەیوەندییەکی حەرامدا لەگەڵ پیاوێکی غەریبەدا...

ژیر و تێگەیشتووە و دەرگای دڵی بۆ هەموو کەسێک ناکاتەوە...

دەزانێت هەرچی حوکمی شەرعییە بۆ پاراستنی ئەو هاتووە،

جێبەجێکردنیان هەرگیز لەزیانی نییە...

love

## -٤٤-

﴿ إِن يَنتَهُواْ يُغْفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ ﴾

ئەگەر كۆڵ بدەن و واز بهێنن، چاوپۆشی لە گوناهی ڕابردوویان دەكرێت...

تەنها بەوەی واز لەتاوانەكانیان بهێنن و پەشیمان ببنەوە،

خودا لەهەموو تاوانەكانیان خۆشدەبێت،

ئەم ئایەتە لەسەر بێباوەڕەكان دابەزیووە...

ئەی چی دەبێت موسڵمانێكی یەكخواناس،

ڕووبكاتە خودا و واز لەپەیوەندییە حەرامەكەی بهێنێت!

واز لەپەیوەندییە حەرامەكەت بهێنە،

خودا لەهەموو تاوانەكانت خۆشدەبێت...

love

## -٤٥-

فیڵیان لێت کرد و وتیان: فەراغی سۆزداری هەیە.

وەڵڵاهی ئەوە فەراغی ئیمانییە...

هەر کەسێک خۆشەویستی خودا بچێژێت دڵی تێراو دەبێت...

love

## -٤٦-

هاوسەرگیری کردنی گەنجەکان لە سەردەمی فیتنەدا،

لە حەج واجب ترە...

- پێشەوا بوخاری

love

## -٤٧-

هەر کەسێک یارمەتی گەنجێک بدات بۆ هاوسەرگیری کردن،

هەتا ڕۆژی قیامەت پاداشتی بۆ دەنووسرێت...

– ئیبن عوسەیمین

## -٤٨-

هاوسەرگیری

یارمەتی گەنجان دەدات لە زۆربەی تاوانەکان ڕزگاریان ببێت،

بۆیە هەتا دەتوانن هاوسەرگیری بکەن،

ناچار نین باری ئەو هەموو تاوانە هەڵبگرن...

## -٤٩-

کچان خۆشەویستیەکەیان دەشارنەوە لەبەر دوو هۆکار:

– یەکەم: شەرم، کە ئەمە سروشتی خۆیەتی.

– دووەم: بۆ ئەوەی پەیامێک بگەیەنێت:

ئاسان چنگ ناخرێم، کەسێک نیم یاری پێ بکرێت و

کەی بێزاربوون لێم فڕێ بدرێم، من کاڵای دەستی کەس نیم،

شتێک نیم بۆ کات بەسەربردن،

بەڵکوو جێگای ئارامی و جێگیربوونی ژیانم...

love

## -٥٠-

– ئەی چارەسەری خۆشەویستی چییە؟!

– یان هاوسەرگیری، یان واز لێهێنان و دوورکەوتنەوە،

جگە لەمە خودا تووڕە دەکات و دەروونت لەناو دەبات و

تەمەنت بەفیڕۆ دەدا...

love

## -٥١-

بەهۆی پەیوەندی حەرامـەوە،
چەندین ئافرەت ژیانی بوو بە دۆزەخ،
چەندین ئافرەت ژیانی لێ تاڵبوو،
چەندین ئافرەت شەرم و حەیای لەدەستدا،
چەندین ئافرەت دڵیان شکا و دڵیان پڕە لە حەسرەت..
چونکە لەسەر حەرام بونیادنراوە بەرەکەتی تێدا نییە،
خۆت پاک ڕابگرە و تەقوای خودات هەبێت،
ئەوەی بەڕاستی تۆی بوێت دەدات لەدەرگای ماڵ باوکت،
ناهێڵێت تووشی حەرام و هەڵە ببیت...

خودایە بە حەڵاڵ هێندەمان پێ ببەخشە کە بێ پێویستمان بکات لە حەرام...

love

## -٥٢-

ئەوەی پێی وتیت خۆشمدەوێی،
مەرج نییە نیازی بێت هاوسەرگیرت لەگەڵ بکات،
لەوەیە گورگێک بێت لەپێستی مەڕدا و
تەنها بیەوێت کاتت لەگەڵدا بەسەر ببات...

love

## -٥٣-

بۆ هەموو ئەوانەی لە پەیوەندی حەرامدان،
بزانە پێش تۆ زۆر کەس ئەم ڕێگایان گرتە بەر،
زۆریش متمانەیان بە خۆیانبوو،
متمانەیان بە خۆشەویستەکەیان بوو کە هاوسەرگیری دەکەن،
لەگەڵ ئەمەیشدا متمانەکە هەرەسی هێنا،
ئەوەی داپۆشرابوو ئاشکرابوو، ڕووی کەسەکەی بۆ دەرکەوت،
دواتر جێیهێشت کە ئارەزووەکانی لێی تێربوو.
ئامان نەبێتە گەورەترین قوربانی و بەخۆت نەزانیت.
هەستەکانت و خۆت لەدەست مەدە...
ئامۆژگاریەکەم وەربگرە و بە ئاگا بێرەوە،
چونکە ئەگەر بگەیت بەو ڕۆژە پەشیمانی دادت نادات...

love

## -٥٤-

هەموو فیتنە و ئارەزوویەک دەرگای خۆی هەیە،
ئاگاداری ئەو دەرگایانە بە و بە باشی دای بخە،
پێش ئەوەی دابخرێت بەسەرتدا!

love

## -٥٥-

خیانەت نییە واز لە پەیوەندییە حەرامەکەت بهێنیت،
تەوبەی لێ بکەیت،
خیانەت ئەوەیە سنووری خودا ببەزێنیت،
لە پەیوەندییەکدا بیت خودا پێی ڕازی نییە…
ئەگەر تۆی دەوێت با بە حەڵاڵی داوات بکات و
هەوڵبدات بە حەڵاڵی تۆی دەست بکەوێت…

بە ئاگا بێرەوە ئەی بەهادار.

love

## -٥٦-

بۆ هەموو ئەوانەی لە پەیوەندییەکی حەرامدان،
هێندەت بەسە بەردەوام و ٢٤سەعاتە،
بێتاقەتیت، خەمتە، دوودڵی و دەترسیت ئاشکرابیت…

هێندەت بەسە کە بەردەوام تاوانت بۆ دەنووسرێت،
هەستەکانت و کاتەکانت بەفیڕۆ دەدەیت…

love

## -٥٧-

لە قورئاندا تەنها لەیەک شوێندا باسی خۆشەویستی **(حُبّ)** کراوە،

ئەویش چیرۆکی خێزانی عەزیزی میسرە لەگەڵ یوسفدا،

کە پەیوەندییەکی حەرامبوو...

﴿**قَدۡ شَغَفَهَا حُبًّاۖ**﴾ ئەوینداریيەکەی پەڕەکانی دڵی داگیرکردبوو...

بەڵام کە باسی پەیوەندی نێوان هاوسەران دەکات،

لەگەڵیدا باسی مەوەدە و ڕەحمە دەکات

﴿**وَجَعَلَ بَيۡنَكُم مَّوَدَّةٗ وَرَحۡمَةًۚ**﴾ سۆز و میهرەبانی فەراهەم هێناوە لەنێوانتاندا...

بەدوای کەسێکدا بگەڕێ سۆزەکەت دەپارێزێت،

میهرەبان دەبێت بەرانبەرت...

love

## -٥٨-

پەیوەندی حەرامە و خودا دڵتی پێ دەشکێنێت (هەڵەیە)

چونکە پەیوەندییەکە دڵت دەشکێت،

لەبەر ئەوە خودا حەرامی کردووە (ڕاستە)

love

## -٥٩-

دوورکەوتنەوەت لە پەیوەندی حەرام،

هۆکاری بەختەوەربوونتە لە ژیانی هاوسەرێتیدا...

love

## -٦٠-

تۆ شایەنی ئەوەی لە پەیوەندییەکدا بیت

کە بهێڵێت بە ئارامی بنوویت، لە حەرام بتپارێزێت،

شایەنی کەسێکیت

ڕێی حەڵاڵ بگرێتە بەر بۆ بەدەست هێنانت،

لە ڕووخسارت ڕازی بێت،

بە هەڵە لێت تێنەگات،

ترسی لەدەستدانیت نەبێت،

پڕ بێت لە هێمنی و ئارامی،

خەمت نەبێت بتگۆڕێت بە کەسێکی تر،

تۆ تاکە بژاردەی ئەو و هەمیشەیی بیت...

love

## -٦١-

کەسی ئازا و دلێر ئەو کەسەیە،
لە فیتنە و شوێنەکەشی ڕادەکات،
بوێری ئەوە ناکات لەبەر دەرگاکەشی بوەستێت.

## -٦٢-

لەوەیە ئەوەی کە دێت،
پەیوەست بێت بەنوێژەکانیەوە،
قورئان خوێنبێت و سەرقاڵی لەبەرکردنی قورئان بێت...
تۆی خۆشدەوێت و
لەهەموو سوجدەیەکدا دوعای بەدەست هێنانت دەکات...

## -٦٣-

دوعای دەکرد خودا هاوسەرێکی بەنسیب بکات
که هەموو قورئانی لەبەر بێت،
هاوسەرگیریی کرد و خۆیشی هەموو قورئانی لەبەر کرد.

## -٦٤-

ئەو ڕۆژەی کە پێی وتم: خۆشم دەوێیت،

وتی: بەڕاستگۆیانە تۆم خۆش دەوێت،

هەر بۆیە خۆشەویستییەکەم دەسپێرم بە خودا،

گەر خێری تێدا بێت تۆ دەهێنێتە ڕێم و دەتکات بە حەڵاڵم… ئیتر ڕۆیشت!

– ئیمڕۆ و دوای بیست ساڵ،

گوێم لێ بوو بە کچەکەمانی دەوت:

کچی خۆم، وا گەورە بوویت، دەزانیت خۆشەویستی چییە؟

لە ناختدا پارچە گۆشتێک هەیە کە ناتوانیت کۆنترۆڵی بکەیت و زاڵ بیت بەسەریدا، بەڵام ئەگەر شتێکی ئاوا ڕووی دا و خۆشەوسیتییەکی پاک زاڵ بوو بەسەر دڵتدا، بیسپێرە بە خودا، چوونکە گەر خێری تێدا بێت، هەرچۆنێک بێت خودا دەیهێنێتە ڕێت و دەیکات بەنسیبت!

love

## -٦٥-

تاکە ڕاکردن کە کەسە ئازاکان ئەزموونی دەکەن و،

ترسنۆکەکان ناتوانن ئەزموونی بکەن،

ڕاکردنە لە تاوان و ڕاکردنە بەرەو لای خودا!

love

## -٦٦-

هەر خۆشەویستیەک لەخودای دورخستیتەوە لێی دووربکەوە،

هەر ئازیزێک بەرەو خودا ناتبات وازی لێ بهێنە!

ئەو کەسەی بە حەڵاڵی تۆی دەوێت، پێی بڵێ لە دەرگاکەتان بدات

نەک لە پەنجەرەوە بێت!

متمانەی تەواوت هەبێت ئەگەر دینەکەت پێش دڵت بخەیت،

خودا دڵەکەت دەهێنێتە بەردەمت!

خۆشەویستی فەزیڵەتە و ئاشکرا دەکرێت،

نەک خراپەیەک بێت بشاردرێتەوە!

love

## -٦٧-

لەو دەمەی مۆبایلەکەت بەدەستەوەیە،
یان تەماشای تەلەفزیۆن دەکەیت، یان بە تەنها لە شوێنێکیت،
فیتنە و تاوان پێت دەڵێن:
”وەرە پێشەوە بۆ ئەوەی بۆت ئامادەیە“
تۆش وەک یوسف بڵێ: «پەنا دەگرم بە خودا“

love

## -٦٨-

﴿وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَآئِنُهُۥ﴾

واتە: هیچ شتێک نییە مەگەر خەزێنەکانی لای ئێمەیە.
هەموو شتەکانت:
بەختەوەریت،
ئاواتەکانت،
هاوسەرگیری کردنت،
ڕۆزییەکەت،
هەمووی لەلای خودایە
داوای لێبکە با وەک باران بڕژێن بەسەرتدا.

love

## -٦٩-

ئافرەت کە خۆشەویستی کەسێک چووە دڵیەوە چی دەکات؟!

خۆشەویستیەکەی دەشارێتەوە، پەنا بۆ خودا دەبات بۆ ئەوەی دڵی بپارێزێت، دەزانێت ئەگەر خێری تێدابێت خودا دەیهێنێتەماڵەکەی، ئەگەر ئەویش نەبێت، خودا کەسێک دەکاتە نسیبی کە شایەنیەتی، ئاگای لە شەرم و حەیای خۆیەتی و نادات لەشکۆی خۆی...

love

## -٧٠-

ئوم سەلەمە بە ئەبو سەلەمەی وت:

وەرە پەیمان بدەین بەیەکتری تۆ دوای من ژن نەهێنیت و منیش دوای تۆ شوو نەکەمەوە!

ئەبو سەلەمە پێی وت: جا گوێڕایەڵیم دەکەیت؟

وتی: بەڵێ!

ئەبو سەلەمە وتی: ئەگەر مردم هاوسەرگیری بکەرەوە!

خودایە دوای من پیاوێک بهێنە رێی ئوم سەلەمە لە من باشتربێت، خەمباری نەکات و ئازاری نەدات!

دواتر پێغەمبەری خوداﷺ هاوسەرگیری لەگەڵ کرد...

love

## -٧١-

" لاَ تُواعِدُوهنَ سِراً "

واتە: بە نهێنیێنی پەیمان پێ مەدەن...

باوکەکان شکۆیان هەیە،

ماڵەکان دەرگایان هەیە،

پیاوەکانیش بەڵێن و پەیمان...

love

## -٧٢-

ئەم نووسینە بە ڕێکەوت بەرچاوت نەکەوتووە،
بە تایبەت بۆ تۆم نووسیووە:

لە ڕۆژانی داهاتوودا خودا خۆشییەکی زۆر دەهێنێتە ڕێت،
سارێژی ڕازەکانت دەکات و سینەت فراوان دەکات،
وەڵامی دوعاکانت دەداتەوە،
پێویستیەکانت بۆ بەجێ دەهێنێت،
هەموو شتەکان لەپێناوی تۆدا ڕێک دەخاتەوە،
بەجوانترین شێوە قەرەبووت بۆ دەکاتەوە،
هەموو خەمەکانت لەبیر دەباتەوە...

بە خەونەکانت دەفەرموێت: «کُن فَیکون»
هیچ شتێک لەژێر دەسەڵاتی خودا دەرناچێت،
خودا بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا...

- رهام العوران

## -٧٣-

لەدینی ئێمەدا تاکە هاوڕێی ئافرەت لە ڕەگەزی بەرانبەری مێردەکەیەتی،

جگە لەوە بەتاڵ و حەرامە...

جا لەژێر هەر ناو و ناونیشانێکدا بێت،

(پەیوەندی خۆشەویستی، هاوڕێی فەیسبوک، هاوڕێی سەرکار....)

هەموو ئەمانە کارێکی هەڵەن و ڕێ خۆشکەرە بۆ شتێکی خراپ...

هاوڕێی ئافرەت ئەمانەیە: مێردەکەی، باوکی، براکانی، کوڕەکەی...

هاوڕێی پیاویش ئەمانەیە: خێزانەکەی، دایکی، خوشکەکەی، کچەکەی...

love

## -٧٤-

هاوسەری باش تەنها بە هەوڵدانی خۆت بەدەست نایەت،

بەڵکوو بە نوێژ و دوعا و تەماشانەکردنی حەرام بەدەست دێت،

هاوسەری باش یەکێکە لە نیعمەتە مەزنەکان و

خودا وەک پاداشت دەیبەخشێت بە بەندە باش و خۆڕاگرەکانی...

love

## -٧٥-

خوشکەکەم :

ئەگەر تەمەنت ڕۆشتووە و هاوسەرگیریت نەکردووە

بیرت بێت خەدیجە خاتون

لەتەمەنی چل ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ سەرداری مرۆڤایەتیدا کرد...

ئەگەر هاوسەرگیریت نەکرد

مەریەمت بیر بێت کە سورەتێکی قورئانی بەناوەوەیە...

ئەگەر پیاوەکەت بۆت خراپ بوو

ئاسیای خێزانی فیرعەونت بیر بێت

کەخودا لەبەهەشت خانوەیەکی بۆ بونیاد نا...

ئەگەر پیاوەکەت لێت جیابووەوە،

بیرت بێت خودا پشتیوان و هاوکارتە...

love

## -٧٦-

ئەو کەسەی لەتەمەنی ١٧ساڵیدا خۆشتدەوێت،
لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا کارەکانیت بەلاوە گرنگ نییە...

ئەو تاقیکردنەوەی ئێستا تێیدا دەرنەچووی،
کاتی دەرچوونت لە زانکۆ هەر بیرت نەماوە...

ئەو گرفتانەی ئیمڕۆ ڕووبەڕووی دەبیتەوە و
وادەزانیت کۆتایی دونیایە،
دڵنیابە ماوەیەکی تر تێی دەپەڕێنیت و هەر بەلاتەوە گرنگ نابێت...
هەموو شتەکە تەنها پێویستی بە کاتە...

## -٧٧-

هاوڕێیەتی نێوان کوڕ و کچ لە ئیسلامدا حەڵاڵ نییە،
ئەوەی حەرام کراوە تەنها زینا نییە،
بەڵکوو چەندین شتی تریش هەیە کە حەرامکراوە،
خەڵوەت، تێکەڵاوی، تەماشاکردن، دەنگ ناسکردنەوە،
هەموو ئەو شتانەی سەردەکێشێت بۆ خراپە و تاوان.

## -٧٨-

ئەوەی زینای حەرامکردووە،

هاوسەرگیری ئاسان کردووە...

پێغەمبەری خوداﷺ دەفەرموێت:

(ئەگەر کەسێک هاتە داوای کچەکانتان،

لە دین و ڕەوشتی ڕازیبوون، کچەکەتانی پێ بدەن،

ئەگەر وانەکەن فیتنە و خراپەکاریتان لەسەر زەویدا بڵاوکردۆتەوە)

پێغەمبەری خوداﷺ دەفەرموێت:

(پڕ بەرەکەترین هاوسەرگیری ئەوەیە مارەییەکەی کەمترە...)

(ئەو ئافرەتەی مارەیەکەی کەمە لەهەمووان زیاتر پڕ بەرەکەتترە...)

love

## -٧٩-

لەم جیهانەدا کەسێک نییە هەموو شتێکی پێ بەخشرابێت،
یەکێک باوکێکی باشی هەیە،
یەکێک کوڕێکی باشی هەیە،
یەکێکی تریش خێزانەکەی خراپە...

کەسێک شتێکی پێ بەخشراوە و نەبەخشراوە بە کەسێکی تر.
هەموو یەکێک لە ئێمە هەندێ شتی پێ بەخشراوە و
بێ بەشە لە هەندێ شت،
چونکە ئێمە لەدونیادایین نەک بەهەشت...
مەحاڵە هەموو ئەوانە بەدەست بهێنیت کە دەتەوێت...

ڕازی بە بەوەی هەتە و چاومەبڕە ئەوەی لەدەستی خەڵکیدایە،
تۆ نازانیت چی لەدەستداوە و بەچیدا تێپەڕیووە،
هەتا خودا بەوە قەرەبووی بۆ کردۆتەوە...
گومانی باش بەخودا ببە و خێرت بۆ هەموو خەڵکی بوێت...
متمانەی تەواوت هەبێت ئەوەی خودا پێی بەخشیویت،
باشتر و گونجاوترە لەهەموو خەون و ئاواتەکانت...

love

-٨٠-

ئەو خۆشەویستیەی لە موبایلەوە دەست پێ دەکات،

بە نەمانی بالانس ئەویش نامێنێت...

ئەو خۆشەویستیەی لە فەیسبوکەوە دەست پێ دەکات،

بە ڕۆیشتن لەخەت دەڕوات...

بەڵام ئەو خۆشەویستیەی لە ماڵەوە دەست پێ دەکات،

هەرگیز کۆتایی نایەیت...

با سەرەتاکەت حەڵاڵ و دروست بێت،

بۆ ئەوەی پڕ بەرەکەت بێت و بەردەوام بێت...

ئاگاداربە ئەوەی لەسەر باتڵ بونیاد بنرێ، باتڵە،

ئەوەی گرنگی نەدات بە قیامەتت گرنگی بەخۆشت نادات...

love

## -٨١-

لە یاساکانی خودا لەسەر زەوی
ئەو سەرەتایەی خودا پێی ڕازی نییە،
کۆتاییەکەی خاوەنەکەشی ڕازی ناکات.

لەبەر خاتری خۆشەویستانت، سەرپێچی خودا مەکە،
دڵی خۆشەویستانت لەژێر دەسەڵاتی خودادایە.

لەلایەن ئەو کەسانەوە شەرمەزاری دێتە ڕێت
کە لەپێناویاندا سەرپێچی خودات کردووە.

love

## -٨٢-

پێناسەی قورئان بۆ خۆشەویستی:

بترسیت ئازیزانت تووشی سزای خودا بن،

بترسیت لەوەی بکەونە هەڵە و تاوانەوە.

love

## -٨٣-

دواتر خودا خۆشەویستییەکی حەڵاڵت پێ دەبەخشێت،
کە کۆتایی نایەت و جیابوونەوەی تێدا نییە.

## -٨٤-

جوانترین وێنەی خۆشەویستی،
هاندانی ئازیزانتە لەسەر گوێڕایەڵی کردنی خودا.
ئەوەی گرنگی بە قیامەتت نادات،
گرنگیت پێ نادات.
کە هاوڕێیەکت لەسەر تاوانێک دەبینیت،
دواتر ئامۆژگاری ناکەیت،
ئەوا بزانە لە خۆشەویستێکەتدا کەمتەرخەمی هەیە.
لەوە دەترسیت هەستی بریندار بێت،
لەوە ناترسیت بچێتە دۆزەخەوە؟!
عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بە هاوڕێیەکی فەرموو:
گەر منت بینی ڕێگام ون کردوە و لامداوە،
پۆشاکەکەم بگرە و توند توند ڕامبوەشێنە و
پێم بڵێ: ئەی عومەر لە خوابترسە، تۆ دەمریت!

# -٨٥-

جیابوونەوەی حەقیقی ئەوەیە،

یەکێکمان لە بەهەشت بین و ئەوی تریشمان لە دۆزەخ!

یەکێک دەڵێت:

ئەو دەمەی دایکم بۆ نوێژی بەیانی هەڵی دەساندین،

دەیوت هەستن،

نامەوێت لە بەهەشت لە کەسمان کەم بێت.

ئەو کەسەی بە ڕاستی تۆی خۆشبووێت،

دەترسێت لەوەی بچیتە دۆزەخەوە و

تووشی سزای سەخت ببیت.

ئیبراهیم باوکی زۆر خۆشدەویست، هەربۆیە پێی وت:

﴿يَٰٓأَبَتِ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٞ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ﴾

واتە: ئەی باوکی بەڕێزم!

دەترسم سزایەک لەلایەن خوای میهرەبانەوە یەخەت پێ بگرێت.

love

## -٨٦-

خەمبار مەبە ئەگەر ئاواتێکت نەهاتە دی،

لەوەیە ئەگەر پێت ببەخشرایە،

ساتێک دڵخۆشی و سەردەمێک خەفەت بوایە بۆت.

شادوومانی کاتژمێرێک و بەدبەختی تەمەنێک بوایە.

هەربۆیە لە هەموو ئاواتەکانتدا، داوای بژاردەی خودا بکە و بڵێ:

”پەروەردگارا ئەو ئاواتانەم بهێنە دی کە خێری دین و دنیامی تێدایە!“

## -٨٧-

” پەروەردگارا پەنات پێدەگرین لەوەی چاوەڕوانی شتانێک بکەین،

کە بۆ ئێمە نەنووسراوە“

## -٨٨-

لەوەیە ڕۆژییە دواکەوتووەکەی تۆ،

زۆر باشتربێت لە ڕۆژییە پێشکەوتووەکەی ئەوان.

ئارامبگرە و گومانی باشت بە خودا هەبێت.

## -٨٩-

ئەرێ حەڵاڵەکە جوانتر نییە!

لەسەر سوننەتی خوا و پێغەمبەرﷺ دەچیتە خوازبێنیی کچێک،

گرنگترین کەسانی خێزانەکەتت لەگەڵدایە، دایکت، باوکت، برات...

دەچیتە ماڵی کەسێک کە هیچی تۆ نییە، زۆر پیاوانە پێشوازیت لێ دەکەن،

بە باشترین شێوە خزمەتت دەکەن،

باشترین و بەچێژترین خواردن و خواردنەوەت پێشکەش دەکەن،

هەمووان بەڕێزەوە لەگەڵت دەدوێن...

دواتر ساتی بینینی کچەکە دێت،

هەمووان ڕێت پێ دەدەن بچیت کچەکە ببینیت،

چوونکە تۆ ئەو کەسەی سەری کچەکەیان بەرز دەکەیتەوە و بەسەربەرزییەوە هاتوویتەتە داوای.

هەمووان دڵیان خۆشە بە کارەکەت و هانت دەدەن،

هانت دەدەن چوونکە پیاویت و ڕووت کردۆتە حەڵاڵ،

خودا، پاشان خەڵکیت لە خۆت ڕازی کردووە.

## -٩٠-

﴿وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ﴾

لەنێوان دوو ڕستەکەدا ئامرازی پەیوەندی نییە کە بەڵگە بێت بۆ دواکەوتن...
هیچ کاتێکی نەهێشتەوە بۆ بیرکردنەوە...

لەگەڵ ئارەزووەکانتدا ئاوا جێگیربە،
لە بڕیارداندا یوسفی بە.

love

## -٩١-

یەکەمین مەرجی هاوسەرگیریەکەت با ئەوە بێت دیندار بێت،
یەقین و متمانەی بەخودا بێت،
ماڵێک لەسەر دینداری ڕاوەستاوبێت،
پایەکانی پتەوە و شتە دەرەکیەکان کاریگەری لێ ناکەن...
دینداری پێش کاروبار و ویستە دونیایەکان بخەن،
چونکە شتە دونیایەکان دینداریت بۆ ناهێنێت،
بەڵام دینداری هەموو شتێکی باش دەهێنێت...

love

## -٩٢-

وەڵڵاهی هیچ شتێک هێندەیماڵێکی ئارام لەلام خۆشەویست نییە،

خەڵکی نازانن چی لەو ماڵەدا دەگوزەرێت،

ژن و مێردێک یەکتریان خۆشدەوێت،

لەسەر گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی کۆبوونەتەوە،

چەند دیوارێکی گەرم دەوری داون،

ڕاز و نهێنی ئەم ماڵە تەنها لەنێوان خۆیاندایە...

ناکۆک دەبن و تەبا دەبن،

دڵیان دەشکێت و ئاشت دەبنەوە،

لە جیهانێکی سادەدان ئەمسەری ئەمە و ئەوسەری ئەو،

ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای خۆشەویستی و هەستی پاکە...

love

## -٩٣-

زۆر خۆشمدەویست، هێندە خۆشەویستیەکەم زۆربوو بۆی

باوەڕم وابوو هیچ هێزێک ناتوانێت لەیەکمان بکات،

هەموو شتێکم کرد لەپێناویدا،

هەموو قوربانیەکەم بۆ دا و هەموو ڕێگایەکم گرتەبەر،

بەڵام هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی تردا کرد

ماوەیەک زۆر بێتاقەتبووم و خەم و خەفەت ژیانی داگیرکردم،

دواتر لوتبەرزی و هەڵەی خۆمم بۆ دەرکەوت،

زانیم داوام لەخودا نەکردووە و لەدڵەوە دوعام نەکردووە،

بۆم دەرکەوت حەقیقەتی خۆشەویستیم لەیاد کردووە،

داوای لێخۆشبوونم لە خودا لێی کرد،

زانیم خێرێکی تێدابووە کە بۆ من نەبووە،

گەورەترین وانە فێربووم کە دڵی بەندەکان بەدەست خودایە،

بۆ بەدەستهێنانی هەر شتێک دەبێت داوا لەو زاتە بکەین...

love

## -٩٤-

سڵاو و ڕێز بۆ ئەو گەنجەی کەڕ و لاڵ و کوێرە لە ئاستی خۆشەویستی حەرامدا، ڕێی حەرامی نەگرتە بەر، هەتا حەڵاڵ بوو بەنسیبی...

هەزار سڵاو و ڕەحمەت لەسەر ئەو گەنجەی پاک و بێگەردبوو لەم سەردەمی فیتنە و خراپەیەدا...

love

## -٩٥-

خۆشەویستی بەرەکەتە،
خودایش بەرەکەت ناخاتە حەرامەوە،
خۆشەویستی ئەوەیە هەردووکیان خۆیان پاک ڕاگرن،
هەتا بێ هیچ کات دانانێک دەگەن بەیەک،
وەک ئەوەی هەر یەکەیان ئەمانەتەکەی ئەوی پاراستووە بێ ئەوەی بیبینێت...
ئەوەی ڕێی حەڵاڵی گرتوەتە بەر، ڕێگاکەی لێ هەڵە نابێت،
بەڵکوو لەڕێگەی دڵیەوە خودا دەیهێنێتە نێوماڵەکەت...
– حەنان لاشین.

love

## -٩٦-

بە تەنها بە (پەنادەگرم بەخودا) ڕازی مەبە،
بەڵکوو بەدوای نزیکترین دەرگادا بگەڕێ و،
ڕابکە...

## -٩٧-

هاوسەرگیریت لەگەڵ ناکات،
ئەوەی کەشەوان پێت دەڵێ چی پۆشاکێکت لەبەردایە،
ئەوەی کەدەڵێ وێنەکانتم بۆ بنێرە،
ئەوەی کە درەنگانێکی شەو قسانێکت لەگەڵ دەکات کە مایەی ئابڕووچونە،
ئەوەی کە ڕێت پێدەگرێت بۆ ژمارەی موبایلەکەت،
ئەوەی تەنها بەکڕینی خواردنێک بۆت بە شاسواری خەونەکانتی دەزانێت...
ئەو کەسە هاوسەرگیریت لەگەڵ دەکات کە لەدڵەوە زۆر تۆی خۆشدەوێت
ئەمەشت شەوی مارەبڕینەتەکەتان پێ دەڵێت...

**-٩٨-**

بیرتان بێت،

نازهەڵگرتنی کچەکانتان و باشبوون لەگەڵیان و

میهرەبانبوون بەرانبەریان،

پاراستنیانە لە کەسانی خراپ و بەهێزکردنی کەسایەتیانە...

فاتیمە کە دەهاتە خزمەتی پێغەمبەری خوداﷺ،

پێغەمبەری خوداﷺ لەبەری هەڵدەستا و

ماچی دەکرد و دەستی دەگرت و

لەجێگاکەی خۆیدا دایدەنا...

وەک ڕێزگرتنێک لێی و نازهەڵگرتنی...

love

## -٩٩-

- زۆر سوپاس باوکە گیان:

ئەو دەمەی موبایلەکەم لە پەنای باوکمدا دادەنێم، لێی نزیک نابێتەوە...

سوپاس بۆ ئەوەی متمانەیەکی زۆرت بە منە،
ئەگەر سەرپشک بکرێم لەنێوان مردن و شکانی ئەو متمانەیە،
بێگومان مردن هەڵدەبژێرم...
سوپاس بۆ ئەوەی هەر کاتێک بە موبایلکەم شتێکت پێشان دەدەم،
بە بێ خەم لەلات جێی دەهێڵم،
هەرگیز گومانی ئەوە ناکەم کە تەماشای نامەکانم دەکەیت،
چونکە خۆت پەروەردەت کردوین لەسەر ئەوەی کە پێش تۆ،
خودا چاودێرە بەسەرمانەوە...
هەمیشە بیری سەرە سپیەکەتم دەکەوێتەوە،
کە لەپێناو ئێمەدا سپیت کردووە و
بۆ ئەوەی ژیانێکی شاهانە بژین و منت کردووە بە شازادە...
* متمانەبوونی باوک بە کچەکەی،
کچێکی مەزن و بەهێزی لێ دروست دەکات و
دەیکاتە خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز،
کە هەزارەها تێکدەر و جەنگاوەر شکستی پێ ناهێنن...
سوپاس، چونکە باشترین باوکیت...

love

## -١٠٠-

خوشکی ئازیزم،

لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە متمانە بە هیچ گەنجێک مەکە!

متمانە بە نووسەر و وەرگێڕ و دکتۆر و ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆیی مەکە، گەرچی فۆڵەوەرییان زۆر زۆربوو، نەک لەبەر ئەوەی لەسەر باتڵن، چونکە کەسانی پاک و چاکیان زۆر تێدایە، بەڵام چەندین شەیتانیان تێدایە کە ماسکیان پۆشیووە...

وێنە تایبەتەکانت بۆ هیچ کوڕێک مەنێرە، گەر تۆی خۆشبویستایە، نەیدەهێلا ئاوا وێنەی بۆ بنێریت... نامەی دەنگی بۆ مەنێرە و تێیدا پێ بکەنیت و خۆت ناسک بکەیتەوە.

ئەوەی دەینێریت ناگەڕێتەوە، قورسە بیسڕیتەوە، دەبیتە دیلی کەسەکە و ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دژت بەکار دەهێنریت، کەسەکان دەگۆڕێن و حەقیقەتیان دەردەکەوێت...

جوانی و کەشخی، قسەزانی و لێزانینی هیچ گەنجێک فریوت نەدات، ئەو برات نییە هەتا نهێنی بۆ بدرکێنیت، نهێنی مەدرکێنە بە پاساوی ئەوەی باری سەر شانت سووک دەبێت، پیاوی مەرد ناهێڵێت ئافرەتی بێگانە لەلایدا هەموو دەردە دڵێک بکات و سنوور بۆ قسەکانی دادەنێت.

متمانە بە کوڕێک مەکە چونکە لە تۆ گەورەترە،

متمانە بە کوڕێک مەکە کە باگراوندێکی دینی هەیە،

متمانە بە کوڕێک مەکە لەبەر ئەوەی هاوڕێکانت متمانەیان پێی هەیە.

ئامان ئاگاداربە.

متمانە بەوانە مەکە کە زۆر باسی ئافرەت دەکەن و تەنها ڕووی لە کچانە و

(موونەرمە)، بە نەرمی قسەکانی تێ مەکەوە.

ئێوەی ئافرەت دەبێت خۆتان سنوورێک دابنێین، خوشکە ئازیزەکەم، سنوورێک دابنێ و مەهێڵە هیچ کەسێک سنوورەکەت ببەزێنێت، دڵم تەنگ بووە هێندە کێشەی ئافرەتان هاتە لام، تکایە خۆتان خۆتان بپارێزن، چەپڵە بە یەک دەست لێنادرێت و تەنها کوڕانیش خەتابارنین.

تەنها ڕووم لە تازەپێگەشتووەکان نییە، بەداخەوە کەسانی تێگەیشتوو و پێگەیشتوویش دەکەونە هەڵەوە...

ئاگاتان لەخۆتان بێت،

خودای گەورە هەمووومان لە هەڵە و تاوان بپارێزێت.

## -١٠١-

خۆزگە تێدەگەیشتین هەموو پەیوەندییەکان

بۆ ئاسوودەیی و بەسۆزیی و ئارامی دروستبووە:

﴿سَنَشُدُّ عَضُدَكَ بِأَخِيكَ﴾ (بە براکەت بەهێزت دەکەین)

﴿ إِذْ يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ﴾ (بە هاوڕێکەی وت خەمبار مەبە)

﴿وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾ (لەنێوانتان سۆز و میهرەبانی فەراهەم هێناوە)

* بۆ ئەوە دروست نەبووە نیەت پاکی خۆمان بسەلمێنین،
یان لەکاتی ناکۆکیدا بۆچوونی خۆمان سەربخەین،
بۆ ئەوە دروست نەبووین ڕۆژەکانمان
لە پەیوەندییەکی قورس و سەختدا بەڕێ بکەین،
بەدەستی خۆمان تەمەن و ژیانمان تێک بدەین...
یەک وشەی ڕاستگۆیانە بەسە بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکی،
یەک تەماشاکردن هیچ ترسێک لەدڵدا ناهێڵێت...

ژیان زۆر ماندووکەر و تاقەت پڕوکێنە،
پەیوەندییەکان بۆ ئیسراحەت و پشوو دانراوە،
دانراوە بۆ ئەوەی ببێتە پەناگەی دڵ و شوێنی ئارامبوونی،
نەک ناڕەحەتی و سەختی بێت...

love

## -١٠٢-

لە تاقیکردنەوەکاندا غەشی دەکرد، نمرەی بەرزی هێنا و دەرچوو...

لەگەڵ چەند کەسێک پەیوەندی هەبوو، لەکۆتاییدا هاوسەرگیری کرد...

پارەی حەرامی دەخوارد، بەڵام دەوڵەمەندبوو پێی...

ستەمی لەخەڵک دەکرد، بەڵام خودا هیچی لێ نەکرد...

وازی لە حیجاب هێنا و هاوسەرگیریشی کرد..

چەندین نموونەی تریش...

لەم دەمەدا هەندێک دەڵێن: لەگەڵ ئەوەی تاوانبارن، سەرکەوتوشن!

بەڵام پێویستە بزانیت خودا ئەهلی تاوان بۆ سەرەنجامە خراپەکەیان بەرەبەرە کێش دەکات، دەرگای خێر و خۆشیان بەڕوودا دەکرێتەوە، مەبەستی بوونیان لەم ژیانە لە یاد دەکەن، هەتا لەناکاودا سزای تاوانەکانیان وەردەگرن و تیادەچن و بواری ڕزگاربوونیان نابێت...

﴿فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُواْ بِمَآ أُوتُوٓاْ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ﴾ واتە: کاتێک ئەو بەرنامە و ڕێبازەی کە یادیان خرابۆوە فەرامۆشیان کرد،

ئێمەش دەروازەکانی هەموو شتێکمان بۆ والآ کردنەوە و (نازو نیعمەتمان بەسەردا ڕژاندن) هەتا کاتێک دڵخۆش و شادمان بوون بەوەی کە پێیان درا، ئیتر لەناکاو گرتمانن و هەموویانمان سەرگەردان و ڕیسواکرد ئینجا ئەوان بێ ئومێد بوون و بە غەم و پەژارەیەکی زۆرەوە تیاچوون...

## -١٠٣-

خودایە،

گیرۆدەی تاوانێک بوومە،

دەمەوێت ڕزگارم ببێت لێی،

زۆر هەوڵدەدەم،

هەموو ڕۆژێک هەوڵدەدەم،

یارمەتیم بدە...

## -١٠٤-

خودا،

باشترین و، جوانترین و، گونجاوترینت بۆ دیاری دەکات،

ئەوە دەهێنێتە ڕێت کە بۆ خۆت و ژیانت گونجاوە،

کە لەوەیە ئەو شتانە لەنێو ئاواتەکانی تۆدا نەبن.

هەربۆیە، ئەو دەمەی خولیای شتێکت هەیە،

کاری ئەو و خۆت ڕادەستی ئەو زاتە بکە کە کارساز و کاربەجێیە،

دواتر بە ئاسوودەیی و دڵخۆشیەوە ژیانت بەڕێبکە،

سوپاسگوزاربە لەپای ئەو شتانەی هەتە.

love

## -١٠٥-

ئەو دەمەی خودا لەخەمێک ڕزگارت دەکات،

دەرووت لێ دەکاتەوە و بەڵایەکت لەسەر لادەدات،

ئەوەت پێ دەبەخشێت کە داوات دەکرد،

سپڵەیی و بێ ئەمەکییە بڵێی:

کارەکە زۆر ئاسانبوو، بەخۆڕایی خەمم لێی دەخوارد،

لە قەبارەی خۆی زیاتر گەورەم کردبوو...

عەبدوڵڵای موزەنی دەفەرموێت:

بەڵا و نارەحەتی ڕوودەکاتە کەسێک،

دوعا دەکات و خودایش ڕزگاری دەکات..

شەیتان دێت بۆ لای و وای لێ دەکات سوپاسی خودا نەکات

و شوکرانەکردنەکەی لاواز بکات، دەڵێت:

کارەکە زۆر لەوە ئاسانتر بوو کە بیرم لێی دەکردەوە...

## -١٠٦-

دوودڵ مەبە،
خودا قەرەبووی هەموویت بۆ دەکاتەوە،
چونکە لە دەمێکدا ڕازی بوویت کە ڕازیبوون تێیدا ئاسان نەبوو.

love

## -١٠٧-

ئەو دەمەی خودا سەرەتایەکی نوێت پێ دەبەخشێت،
هەڵە کۆنەکانت دووبارە مەکەرەوە!

love

## -١٠٨-

ئەو نارەحەتی و گرفتەی کە ڕووی کەسانی چواردەورتی دەرخست،
تەنها ڕێکەوتێک نەبوو،
بەڵکوو دیارییەک بوو لەلایەن خوداوە بۆ تۆ...

love

## -١٠٩-

پەروەردگارا یارمەتیم بدە،
نەدەم لە دەرگایەک کە بۆ من نەکراوە!
هەوڵی کردنەوەی شتێک نەدەم کە کلیلەکەیم لەلا نییە!
مەهێڵە ڕووحم پەیوەست بێت بە شتێکەوە کە هیی من نییە!
ڕازیم بکە بەوەی ویستت لێیە و پێت بەخشیوم،
وام لێ بکە تەنها موحتاجی بەر قاپیەکەی تۆ بم!

love

## -١١٠-

هەندێ جار،
گەڕانەوەت بۆ لای خودا،
لەوەوە دەست پێ دەکات کە کەسێک دڵت دەشکێنێت،
یان کەسێکی نزیکت خیانەتت لێ دەکات،
هەتا بێئومێد دەبیت لە مرۆڤەکان و پەنا دەبەیتە بەر خودا،
ئەویش بێ پێویستت دەکات لە هەموو جیهان

love

## -١١١-

خودا لێت دەپرسێتەوە:

لەسەر ئەو قسانەی بەدرۆ وتت و بەرامبەر بە ڕاستی زانیت.

لەسەر ئەو بەڵێنانەی کە لە نیوەی ڕێگا شکاندت.

لەسەر ئەو دڵانەی دەترسن تێکەڵی خەڵکی ببن،

چوونکە تۆ شکاندت و بێهیوات کرد.

لەسەر ئەو کەسەی چەندین شەو بوویتە هۆی گریانی.

لەسەر ئەو ڕوحەی ڕۆشنت کرد بە خۆشەویستی و

دواتر بە خەم و خەفەتەوە خامۆشت کرد و

خۆت بەدوور گرت لێی.

لەسەر ئەو کەسەی کە وات لێ کردووە ماوەماوە بوەستێت و

ئەوەی بە بیردا بێت: کە بەس نەبووە بۆ تۆ،

هەر بۆیە دەستت بەر داوە و جێت هێشتووە.

ئامان لەو جۆرە کەسانە نەبیت،

کە برینێک لە دڵی کەسێکدا جێ دەهێڵێت و  گوێی پێ نادات،

گومانی وایە کە زەمانە برینەکەی لەبیر دەباتەوە.

love

## -١١٢-

دونیا شوێنی تاقیکردنەوەیە و خودایش تەماشای دڵت دەکات،

گەر شتێک هاتە ڕێت پێت ناخۆشبوو،

یان ئەوەی دەتویست بەدەستهێنانی دواکەوت،

با تەنها ڕازیبوون لەدڵتدا هەبێت،

چونکە هیچ شتێک لەلای خودا هێندەی ئەوە بوغزێنراو نییە،

کە ببینێت بەندەکەی لە قەدەرەکەی ناڕازییە!

هەندێ جار بەدیهاتنی ئاواتەکانت دوادەکەوێت،

چونکە هێشتا ئەوەندە پێنەگەیشتووی هەتا پارێزگاری لێ بکەیت.

دوادەکەوێت چونکە هێشتا دڵت بەتەواوی تەسلیم نەبووە.

دوادەکەوێت چونکە لەسەر تاوانێک بەردەوامیت،

خودا دەیەوێت سەرەتا گوێڕایەڵی بکەیت بۆ ئەوەی دواتر پێت ببەخشێت!

دوادەکەوێت چونکە بەتەواوی هۆکارەکانت نەگرتۆتە بەر.

لەوەیە هەرگیز پێی نەگەیت، چونکە خێر لەوەدایە پێی نەگەیت،

گومانی باش ببە بەخودا.

ئەمە قەدەری خودایە، بە ئەدەب بە!

لە کاتی ئازار و خەمدا سوپاسگوزاربە،

ئەوەی لەدەستتدا هیی تۆ نەبوو، ئەوەی هیی تۆبێت لەدەستت ناچێت،

قەڵەم بەرزکراوەتەوە و پەڕاوەکان وشک بوونەتەوە!

ئەدهەم شەرقاوی

love

## -١١٣-

مەبە بە بار بەسەر کەسەوە، کەسیش مەکە بە بار بەسەر خۆتەوە!

لە مامەڵەدا موجامەلە بکە،

ڕەفتارجوان بە چونکە ئەوە ڕەوشتی پێغەمبەرانە،

بەڵام بە هیچ کەسێک مەڵێ: خۆشمەوێی،

مادەم گرنگ نییە لەلات!

ڕاستە ڕەتکردنەوەی یەکەم بریندارکەرە،

بەڵام لەوە باشترە ئومێد بدەی بە کەسێک و

بزانیت لەدڵتدا هیچ شوێنێکی نییە!

دووربین بە، ئەمە بۆ هەردووکتان سەلامەت ترە،

پارێزگاری لە ئاوی دڵت بکە،

بۆ ئاودانی دارێکی مردوو بەفیڕۆی مەدە،

خۆشەویستی یەک لایەنە سەرشۆڕییە،

ئەویندار نەرمونیانە بەڵام زەلیل نییە،

ئەم دوو شتە تێکەڵ مەکە با تیانەچیت!

ئەدهەم شەرقاوی

## -١١٤-

لە بەهاری تەمەنتدا خەمێک یەخەت پێ دەگرێت،

دە ساڵ زیاتر گەورەت دەکات،

فرمێسکێک وات لێ دەکات ئەسڵی چواردەورەکەت ببینی،

ئازارێک کە زۆر شتت تێدا دەگۆڕێت...

بەڵام لەسەر ڕێگاکەت زیاتر جێگیرت دەکات،

وات لێ دەکات قوڵتر لەخۆت تێ بگەیت کە دەمێکە فەرامۆشت کردووە...

وات لێ دەکات لە گەڵ خودادا پەیوەندیت باشتر بکەیت،

دەتکات بە شاخێکی جێگیر و ڕاوەستاو،

سوپاس بۆ ئەوخەم و ئازارەی هۆشیاری زیاتر کردیت...

– ئەدهەم شەرقاوی

love

# -١١٥-

پەیوەندی حەرام وەک جگەرە وایە، گەنجەکە بەردەوام قومی لێ دەدات،

هەردەمێک تەواوبوو بە پێیەکانی دەیکوژێنێتەوە....

ئەوە ڕێزی تۆیە،

لەلای ئەو کەسەی لەپێناویدا سەرپێچی خودات کرد...

love

## هۆکارەکانی کەوتنە ناو پەیوەندی ناشەرعی[١]

### ١. بەتاڵی دڵ لە خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەکەی:

ئەو دڵەی پەیوەستە بە خۆشەویستی خوداوە، ناهێڵێت خۆشەویستی حەرام بێتە ناویەوە، ئەگەر شتێکی خۆشبوێت لەپێناوی خودادا خۆشیدەوێت و لەو سنوورەدا خۆشیدەوێت کە خودا دایناوە، خۆشەویستیەکەیش دەبێتە تاعەت بۆی، هەربۆیە ئەگەر دڵ خاڵی بێت لە خۆشەویستی خودا پڕ دەبێت لە خۆشەویستی دونیا و شتە فریودەرەکان...

### ٢. پەیوەست بوونی دڵ بە تاوان و ئارەزووەکانەوە:

ئەگەر دڵ پەیوەست بێت بە تاوان و شوێنکەوتنی ئارەزووەکانەوە، ئەوا دڵ و ئەندامەکانی خراپ دەبن و شوێنی حەزی نەفس دەکەون، هەربۆیە پێویستە کەسەکە بەزویی بگەڕێتەوە بۆ لای خودا بۆ ئەوەی دڵی پڕ بێت لەئیمان و ملکەچی و خۆشەویستی خودا دواتر خودا لەو تاوانە ڕزگاری بکات، بێگومان باشترین یارمەتیدەریش بۆ ئەمە دوورکەوتنەوەیە لەو شوێن و کەسانەی هۆکارن بکەویتە پەیوەندی ناشەرعیەوە.

---

(١) لەناو وتەکاندا هۆکار و چارەسەرم خستە ڕوو، لەم چەند لاپەڕەیشدا باسی چەند هۆکارێکی تر دەکەم لەگەڵ هەندێک قسەکردن لەسەری، لە زۆربەیدا چارەسەرەکەیشم لەپەنایدا نووسیووە، هەربۆیە لەبەشی کۆتاییدا کە باسی چارەسەرەکان دەکەم لەوێ بە کورتی لەسەری دواوم...

### ٣. وابەستەنەبوون بە شەریعەتی ئیسلامەوە.

### ٤. فەزاغی دەروونی و ڕووحی و سۆزداری:

ئەم جۆرە فەراغانە سەر دەکێشێت بکەویتە پەیوەندی حەرامەوە، سۆزدارییەک عەقڵ جڵەوی نەگرێت دەبێتە کارەسات، خۆت و کەسانی تریش لەناو دەبات، پێویستە دایک و باوکان لە هەڕەتی هەرزەکاریدا ئاگایان لەمنداڵەکانیان بێت و فێریان بکەن چۆن جڵەوی هەست و سۆزیان بگرن، شەرم نەکەن و ئەوەی پێویستە بۆیان ڕوون بکەنەوە بۆ ئەوەی هەم خۆیان پارێزراوبن هەم کەسانی تریش لەدەستیان پارێزراوبن، بتوانن بە جوانترین شێوە چەمکی خۆشەویستیان تێ بگەیەنن و بۆیان ڕوون بکەنەوە کامە حەڵاڵە و کامە حەرامە، ئەگەر کچیش بوو دایک و باوک هێندە نازی بکێشن و ڕێزی بگرن و پێویستیەکانی بەجێ بهێنن، کە کەس بواری ئەوەی نەبێت ئەو کەلێنە بقۆزێتەوە و لەڕێیەوە پەیوەندی حەرام لەگەڵ کچەکەدا ببەستێت، ئەمە ئەرکێکی سەرشانی دایبابە و نابێت لێ بگەڕێن هاوڕێی خراپ و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ئەو کەلێنە بەشێوەیەکی خراپ پڕ بکەنەوە، چونکە بێ نازیی دەبێتە هۆی ئەوەی باوەڕ بە هەموو کەسێک بکەن و وابزانن ئەوانیش بەڕاستیانە، هەربۆیە خۆشەویستی و گرنیگی زۆریان پێ بدەن بۆ ئەوەی لە حەرام پارێزراوبن و نەکەونە تەڵەی بەناو خۆشەویستیەوە...

### ٥. ڕازاندنەوەی لەلایەن شەیتانـەوە:

ئەو هەست و پەیوەندییە حەرامە شەیتان بۆت دەڕازێنێتەوە، وات لێ دەکات هەست بکەیت بەبێ ئەوە ناژیت، هەتا واتان لێ دێت تەواو هۆگری یەکتری دەبن. ساویلەکە مەبە ئەو کارە حەرام و قێزەونە، خیانەتە لە دایک و باوکت، شکاندنی متمانەیـە، شتێکە کە بۆ خوشکی خۆت پێی ڕازی نابیت، بەردەوام لەتاواندان بەڵام ئەوە نەفس و شەیتانە کارەکەی لەلا جوانکردون...

* یەکێکی تر لە فێڵ و تەڵەکانی ئەوەیە پێشاندانی حەرامکراوەکان لە شێوەی حەڵاڵدا، شێوازێکە شەیتان بەرانبەر پێغەمبەر ئادەم بەکاریهێناوە، ئیمڕۆیش پەیوەندی حەرامی نێوان کوڕان و کچان لەژێر چەندین ناودا حەڵاڵکراوە، لەوانە: هاوڕێیەتی، خۆشەویستی پاک، نیەتمان هیچ نییە، هاوڕێی کار، هاوڕێی فەیسبوک...

شەیتان نایەت بڵێت وەرە خراپە و زینا بکە، بەڵکوو وات لێ دەکات بەرە بەرە خۆت هەنگاو بنێی بەرەو ئەوە بێ ئەوەی ئاگات لێی بێت، سەرەتا تەماشاکردنی ڕەگەزی بەرانبەرت لەلا سانا دەکات، دواتر قسەکردن، دواتر چاتکردنی ڕۆژانە، دواتر وێنە ناردن، پێکەوە هێندە حەرامەکەتان لەلا شیرین دەبێت کە هێزی بڕیاردان لەلاتان لاواز دەبێت و تەواو لەدڵتاندا دەچەسپێت، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر سنوورەکانی خودا دەبەزێنن و لە حەڵاڵ دوور دەکەونەوە، دەگەن بە قۆناغێک کە مرۆڤ شەرم دەکات تەماشای چات و قسەکانتان بکات...هەربۆیە ئاگاداربە و شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەوە، لە کەسانی ترەوە ئەزموون وەربگرە...

* ئەگەر خوێندکاریت ئاگات لێ بێت لە چەندین لاوە فیتنە و پەیوەندی حەرام ڕازێندراوەتەوە، لەوانە:

- یارمەتی دەدەم لە وانەکاندا.
- هاوڕێیەتی، ئامۆژگاری کردن.
- باسکردنی ژیانی خۆی و دەردەدڵ کردن بۆت.
- باسکردنی ژیانی ڕۆژانەی زانکۆ...

چەندین شتی تریش کە دەتوانیت لەگەڵ ڕەگەزی خۆتدا باسی بکەیت و بەجێی بهێنیت، ئەگەر پێویستت بە ڕەگەزی بەرانبەربوو، تەنها بەپێی پێویستیەکە قسە بکە و دواتر هیچی تری لەگەڵ مەڵێ، سنوورێک بۆ خۆت و ئەویش دابنێ...

ئەگەر کەسێک یارمەتی دایت بواری مەدە بە بیانووی ئەوە ڕۆژانە قسەت لەگەڵ بکات و هێدی هێدی پەردەی شەرمی نێوانتان نەمێنێت، هەندێ جاریش ڕەگەزی بەرانبەر لەو دیووی پرسیارەکانیەوە مەرامێکی تری هەیە، هەربۆیە تەواو ئاگاداربە و لە چیرۆکی ئەوانی ترەوە پەند وەربگرە و مەبە قوربانیەکی تری ئەو ڕێگایە...

ئاگاداربە لەوەیە شەیتان لەڕێگای چاکە و یارمەتیەوە فێڵت لێ بکات.

* خوشکی بەڕێزم پێویست ناکات هاوپۆلەکانت، هاوکارەکانت، هاوپیشەکانت، بگرە خزمەکانت لە ڕەگەزی بەرانبەرت ئەکاونت و سناپی تۆیان لا بێت، بزانن ڕۆژانە چی دەکەیت و وێنەکانت

ببینن، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی دەرگای پەیوەندی حەرام بەڕووی خۆتدا بکەیتەوە، وەک چۆن ئەوانت تووشی نەزەر و تاوان کردووە، لە ساڵێکدا یەکجار کارت بە کەسێکە لە ڕەگەزی بەرانبەر پێویست ناکات کەسەکە بەدرێژایی ساڵەکە تەماشای شتەکانی تۆ بکات، هەربۆیە ئاگاداربە و ئەو دەرگایە بە ڕووی کەسدا مەکەرەوە، گەرچی زۆر دینداریش بوو...

* فیلێکی تر و هەنگاوێکی تر شەیتان لەگەڵ خوێندکاردا ئەوەیە پێی دەڵێت: تەماشای فلانە کچ بکە خاوەن ڕەوشت و ئەدەبێکی بەرزە، لەخوێندندا زۆر سەرکەوتووە، دینداره، هەتا وا لەگەنجەکە دەکات گومان ببات بیرکردنەوەکەی شەرعییە و شوێن ئارەزوو و جوانی نەکەوتوە. پێی دەڵێت: گونجاوە بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەیت. گەنجەکەیش بەڕاستی دەزانێت. چەندین ڕێگا دەگرێتە بەر هەتا دەگات بە کچەکە، دواتر پێکەوە قسە دەکەن و هەستی خۆی بۆ دەردەبڕێت، لەوەیە بەیەکتریش ڕازی بن، بەڵام بەبێ ئەوەی حساب بۆ واقع بکەن، دواتر کە دەیانەوێت بێنە سەر واقع هیچ ئامادەکارییەکی بۆ نەکراوە، ئەم گەنجە هێشتا یەکەمین ساڵی زانکۆیەتی نە پارەی پێیە، نە خانووی هەیە، دوای زانکۆ پێویستی بە چەند ساڵێک کارکردن هەیە هەتا ئامادە دەبێت بۆ هاوسەرگیری کردن. یان لەوەیە دایک و باوکی کچەکە نەهێڵن جارێکە هاوسەرگیری بکات. ئیتر هەردووکیان تووشی نائومێدییەکی زۆر دەبن و چەندین مانگ و ساڵی ژیانیان بەفیڕۆ دەچێت و تووشی خەمێکی گەورە دەبن.

چارەسەری ئەم گرفتەیش بەوە دەبێت، با گەنجەکە واشبزانێت فڵانە کچ بۆی گونجاوە، بەڵام دەبێت پێش ئەوەی پێی بڵێت، حیساب بۆ واقع و ژیانی خۆی بکات، ئەگەر گونجاوبوو بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکات، ئەوە دەتوانێت خوازبێنی بکات، بەڵام ئەگەر زانی ناگونجێت، خۆی و ئەو فریو نەدات و نەهێڵێت چیرۆکەکە دەست پێ بکات، پشت بەخودا ببەستێت و متمانەی تەواوی هەبێت ئەوەی بۆ ئەو نووسرابێت بۆ کەسی تر ناچێت، باشی و گونجاوی کەسەکە هەرگیز نابێتە پاساوی ئەوەی پەیوەندی حەرامی لەگەڵ ببەستێت و بەردەوام قسەی لەگەڵ بکات، کچەکە بەتەما بکات و باش بشزانێت جارێکە ژیانی بواری نادات بۆ هاوسەرگیری، باشترین چارەسەر ئەوەیە واقعیانە بڕوانێتە شتەکان بۆ ئەوەی هەم خۆی بپارێزێت لە حەرام و نائومێدی و خەفەت، هەم کچەکەیش بپارێزێت، داوا لەخودا بکات ئەگەر خێری تێدایە نزیکی بکاتەوە و بۆی ئاسان بکات، هەنگاوی هەڵە نەنێت و خۆی فریو نەدات و پشت بکات لەڕاستیەکان...

* هەڵەیەکی تر کە خوێندکاران تێی دەکەون، ئەوەیە کوڕ و کچێک بەردەوام ڕۆژانە قسە دەکەن و چات دەکەن، هەرچی وردەکارییە بۆ یەکتری باسی دەکەن، وێنە بۆ یەکتری دەنێرن، بەڵکوو چونە دەرەوەشیان دەبێت، هەموو ئەمانە لە ژێر ناوی هاوڕێیەتیدا دەکەن و دەڵێن: ئێمە هاوڕێین و وەک خوشک و برا واین. لە ڕاستیدا ئەمەیش فێڵێکی تری شەیتانە کە چەندین کەسی پێ لەخشتە بردووە، دواتر کۆتاییەکەی بووە بە خۆشەویستیەکی حەرام، یان کەسێکیان دەکەوێتە خۆشەویستی تاک لایەنەوە،

دواتر بیشەویت بە حەلالّی بیهێنێت دەبینیت کەسەکە دەڵێت: من هەستم بۆتۆ نییە! بەتەمام زەواج لەگەڵ کەسێکی تردا بکەم...ئیتر ئەمە دەبێتە خەمێکی گەورە بۆ کەسەکەی تر...

* یان کوڕێک یان کچێک سەرنجی کەسێک ڕادەکێشێت، گرنگی زۆری پێ دەدات و وای لێ دەکات هەست بکات خۆشی دەوێت، کە ئەویش نزیک دەبێتەوە و هۆگری دەبێت، دواتر بۆی دەر دەکەوێت تەنیا بۆ کات بەسەربردن ئاوا گرنگی پێدا و دواتر ئاڕی پێ دەدات و بگرە لەناو هاوڕێکانیدا ناوی دەزڕێنێت...

هەربۆیە زۆر هۆشیاربە، مەهێڵە کەس بەناوی ئەو شتانەوە بێتە ناو ژیانتەوە، با هاوڕێت نەبێت لە ڕەگەزی بەرانبەر و ڕۆژانە قسەی لەگەڵ بکەیت، خۆت بپارێزە لەو جۆرە کەسانە، با ژیان و دەروونت نەشێوێت...

### ٦. قورسکردنی هاوسەرگیری:

یەکێکی تر لە هۆکارەکان قورسکردنی هاوسەرگیرییە، داخوازی زۆری ماڵی کچەکە و سەپاندنی داواکاری زۆر و ناپێویستە، لەگەڵ چەندین ئاهەنگ کە بارگرانییە بۆ کوڕەکە و بنەماڵەکەی، کە هیچ شوێنێک ناگرێت بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوەی کۆڵێک تاوان بێتە گەردنی، ئیسرافێکی زۆر بکرێت، هەربۆیە پێویستە لەسەر بنەماڵەی کچەکە ئەگەر کوڕێکی خاوەن ڕەوشت و دین هاتە خوازبێنی کچەکەیان، ڕازی ببن و کەمترین داواکاری لێ بکەن، باری سەرشانی قورس نەکەن و خەرجی زیادەی پێ

نەکەن، بەڵکوو یارمەتی بدەن و دەستباری بن، مادەم ئەو کوڕە ڕێی شەرعی گرتوەتە بەر و بەشێوەیەکی دروست هاتۆتە داوای کچەکەیان، هەوڵبدەن بنچینەی هاوسەرگیریەکەیان لەسەر حەڵاڵ بێت و ئاهەنگ و تێکەڵاوی نادروستی پێ نەکەن، لەم دەمەدا کوڕە ناتوانێت هەموو شتێک ڕەت بکاتەوە، بۆیە هەندێ جار ڕووگیر دەبێت و ناچار دەبێت بەقسەیان بکات، دەبێت ماڵی کچەکە خۆیان دەمڕاستی خۆیان بن و نەهێڵن کەسی تر تەداخولی ئەو شتانە بکەن کە لەماڵی کوڕەکەی داوا دەکەن، مارەیی لەسەر کوڕەکە ئاسان بکەن، هەم هەنگاوێکی باشتر هاوسەرگیرییەکە دەبەنە پێشەوە، هەم پڕ بەرەکەت دەبێت وەک چۆن پێغەمبەری خودا بەڵێنی داوە، پێچەوانەی هەر خاڵێک لەوانەی باسمکرد دەبێتە لەمپەر لەبەردەم هاوسەرگیرییەکەدا و بازنەی حەڵاڵ بەرتەسک دەکاتەوە، دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی خراپە و سڵەمینەوەی گەنجان لە هاوسەرگیری، ئیدی لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری پەیوەندی حەرام دروست دەبێت، ڕاستە ئەمە پاساو نییە بۆی، بەڵام یەکێکە لە هۆکارەکانی ڕوودانی.

پێویستە کچەکەیش ڕەچاوی بواری ماددی کوڕەکە بکات، بەیەکجار داوای کۆمەڵێ شتی قورسی لێ نەکات، ئەوەندەی من ئاگام لێیە سۆشیاڵ میدیا لەمەدا ڕۆڵێکی خراپی هەیە، فڵانەکچ کە زۆر خۆی دەردەخات و تووشی کوڕێکی زەنگین بووە، ئیتر بۆ مارەبڕین و گواستنەوەکەی مەسروفێ زۆری کردووە، کامێرامانی هێناوە و وێنەی گرتووە، هەر سەرقاڵی بڵاوکردنەوەیەتی، ئەوەی لەمێشکی کچاندا چەسپاندووە کە

تەقلیدی بکات و ئەگەر ئاوای بۆ بکرێت دڵخۆش دەبێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە بە هەموو کەسێک ناکرێت، خەرجیەکی زۆری پێویستە، هەربۆیە پێویستە کچان ئاگاداربن و بزانن کێ دەکەن بە پێشڕەوی خۆیان و چاوی لێ دەکەن، دەبێت تێبگەن هەموو ئەوانە خۆشییەکی فریودەرە، شتێکە خودا پاشان خەڵکیش ڕازی ناکات، بەڵکوو دەبێتە تاوان لەسەری، کچی ژیر ڕاستە لەو دەمەدا زۆر دڵخۆشە بەڵام ڕەچاوی دینەکەی و باری دارایی مێردەکەی دەکات، ئێمە ئەو شتانە حەرام ناکەین، بەڵام دەبێت هێندە ژیربین بزانین چی دەکەین و بۆ دەیکەین و ئایا شەرع پێی دروستە، هاوسەرگیرییەک لەسەر ئەم پێوەرە حەڵاڵانە دەست پێ بکات، ئومێد دەکرێت پڕ بەرەکەت بێت...

دەبێت ماڵی کچەکە و کچەکەیش تێ بگەن، هەندێ جار ئەو داواکاریی و ئاهەنگانە، وادەکات کوڕەکە بکەوێتە ژێر قەرزێکی زۆرەوە، کە دوای گواستنەوە هەردووکیان باجەکەی دەدەن، لەوەیە پێویست بەوە بکات ئاڵتونی کچەکە بفرۆشێت. ئەو ئیسرافەی دەکرێت لەو ئاهەنگانەدا لەوەیە بەشی مەسروفی ساڵێکی دواتریان بکات...

### پوختەی قسان:

خەرجی زۆری هاوسەرگیری و مارەیی زۆر و داواکاری زۆری ماڵی کچ و ئەو ئاهەنگ و شتە نوێیانەی ئێستا هەیە، لەمپەرێکی گەورەی بەردەم هاوسەرگیرییە و تەسکردنەوەی بازنەی حەڵاڵە و وایکردوە زۆرێک لە گەنجە چاک و باشەکان بوێری ئەوەیان نەبێت توخنی هاوسەرگیری بکەون، وەک چۆن

هۆکارە بۆ ئەوەی بکەونە پەیوەندی ناشەرعییەوە...

وەک وتراوە: لە سەردەمی هاوەڵاندا حەڵاڵ ئاسانکرابوو بۆیە حەرام کەم بوو، ئێستا حەڵاڵ قورسکراوە بۆیە حەرام زۆرە...

## ٧. ڕەهاکردنی چاو و تەماشاکردنی حەرام:

چاونەگرتن لە ئاستی حەرامدا هۆکارێکە بۆ ئەوەی بکەویتە پەیوەندی ناشەرعیەوە، هەموو شتێک سەرەتا لەو تەماشاکردنەوە دەست پێ دەکات دواتر هەنگاوەکانی تر دێت، هەربۆیە کە تەماشا ناکەیت واتکردووە کۆتایی بە چیرۆکەکە بهێنیت پێش ئەوەی دەست پێ بکات، یەکجار دووجار تەماشت کرد بەوەوە ناوەستیت و بەردەوام دەبیت، هەتا دەمێک بەخۆت دەزانیت کار لەکار ترازاوە و گلاویت لە چەندین حەرامی تر...مەهێڵە شەیتان فریوت بدات و بڵێی وەک خوشکم وایە و نەزەریان لێ ناکەم، یان بڵێی هاوڕێمن و مەبەستم هیچ نییە، کە خودا شتێکی حەرامکردووە بۆ پاراستنی خۆت و ئەویشە، گوێڕایەڵی فەرمانی خودا بکە و خۆت بەدووربگرە لە تەماشاکردنی ئافرەتان، ئەگەر ئافرەتێک کەوتە پێش چاوت سەرت دابخە بۆ ئەوەی هەست بەچێژی ئیمان بکەیت لەدڵتدا، هەست بە سەرکەوتن بکەیت، نەک هەر تەماشا بکەیت هەم تووشی تاوان بیت، هەم حەسرەت و خەمت بۆ بمێنێتەوە و وات لێ بکات ڕێی حەرامی تر بگریتە بەر بۆ گەیشتن بەو کەسە...ئاگاداربە تاوانی بچووک گەر لەسەری بەردەوام بیت دەبێتە تاوانی گەورە و بەردەوامبوون

لەسەری دەبێتە هۆی مردنی دڵت، تاوانەکە بەکەم تەماشا مەکە هەر خودی تێڕوانینەکەت تاوانێکی گەورەیە...

* ئەگەر خوێندکاریت، بەیانیان پێش ئەوەی دەربچیت بەرەو زانکۆ، داوا لەخودا بکە خێربێتە ڕێت و بتپارێزێت لە حەرام و کەسی خراپ، دواتر کە چوویتە زانکۆ لە ڕیزی کوڕەکاندا دابنیشە و لەشوێنێکدا مەبە کە ئافرەتت لەپێشتەوە بێت و بەرچاوت بکەون، دواتر کاتی ڕێستەکان هەوڵدە بەپێی توانا خۆت لەتێکەڵاوی بپارێزیت، لە شوێنێک دانیشە کە ڕێگای هاتووچۆی ئافرەتان نەبێت، هاوڕێیەتی ئەو کەسانە مەکە کە کاریان ئەوەیە بەس تەماشای ئەم کچ و ئەو کچ بکەن و چاو بۆ ئافرەت ورد بکەنەوە، بەم بڵێن جەستەی وایە و بەو بڵێن ڕووخساری وایە، خۆت بەدووربگرە لەو هاوڕێیانە چونکە تەرازوی کردەوەکانت پڕ دەکەن لەخراپە هەم دەبنە هۆکاری ئەوەی بکەویتە چەندین تاوانەوە کە سەری لە حەرام و پەیوەندی حەرامەوە دەردەچێت، ئەو جۆرە کەسانە شەخسیاتیان نزمە و بێ بەهان و سووکن لەبەرچاوی زۆربەی هاوپۆلەکانت...کاتی ڕێستەکە دەتوانیت چەندین شتی باش ئەنجام بدەیت، قورئان لەبەر بکەیت، کتێب بخوێنیتەوە، موراجەعەی وانەکانت بکەیت، ئەمانە باشترین کاریگەری هەیە بۆ ئەوەی خۆت بونیاد بنێیت، بەپێچەوانەوە ئەو هەڵانەی باسمان کرد هۆکارێکە بۆ ڕووخاندن و لەناوبردنی خۆت...

### ٨. بە کەم تەماشاکردنی تاوانەکە و خۆ خەڵەتاندن بەوەی دواتر تەوبەی لێ دەکات:

وەک چۆن براکانی یوسف هەمان بیرکردنەوەیان هەبوو، وتیان: دواتر دەبینە کۆمەڵێکی چاکەکار و تەوبە دەکەین. ئەوەبوو دوای چەندین ساڵ خودا تەوبەکردنەکەی بۆ ئاسان نەکردن. شەیتان بەوە فریوت نەدات و ئەم فێڵەت لێ نەکات، تەماشای بچوکی تاوانەکە مەکە بەڵکوو تەماشا بکە سەرپێچی چ زاتێکت کردووە...

### ٩. بوغرابوون بە فراوانی ڕەحمەتی خودا و لێخۆشبوونەکەی:

نەفامییە بنیادەم بەردەوام بێت لە تاوان و پەیوەندی حەرام و بڵێت: خودا غەفور و ڕەحیمە. ئەم گومانی باش بردنە بە خودا لەشوێنی خۆیدا نییە، گومانی باش بەخودا دەبێت پاڵنەرت بێت بۆ چاکە، نەک پێ ڕابکێشیت لە حەرامکراوەکاندا، دەبێت هاوسەنگی ڕابگریت لەنێوان هیوابوون بە ڕەحمی خودا و ترسان لەسزاکەی، دەبێت شەرم لەخودابکەیت و بەگەورەی بزانیت، ئەوەیش وات لێ بکات دووربیت لەحەرامکراوەکان، تەماشای تاوانەکە مەکە بەڵکوو بزانە سەرپێچی چ زاتێکت کردوە، باش بزانە تاوان چەندین شوومی هەیە و هەروا بە ئاسانی بەسەرتدا تێناپەڕێت...

### ١٠. ناپۆشتەیی ئافرەتان:

بڵاوبوونەوەی سفوری و پەیوەست نەبوون بە پۆشاکی شەرعیەوە چەندین دەرئەنجامی خراپی هەیە، یەکێک لەوانە ڕێ خۆشکەرە بۆ پەیوەندی ناشەرعی نێوان کوڕان و کچان، ئەو دەمەی ئافرەتێک باڵاپۆش دەبێت، هەم خۆی دەپارێزێت هەم کەسانی تریش دەپارێزێت، بێگومان دەرخستنی جوانیەکانی دەبێتە هۆی ئەوەی گەنجان تەماشای بکەن و تووشی تاوانبن، دواتر ببێتە هۆکاری پەیوەندی حەرام، ئیسلام دژی جوانی و خۆڕازندنەوە نییە بەڵکوو لەگەڵ ئەوەدایە جوانییەکە لە شوێنی خۆیدا دابنرێت...

### ١١. هاوڕێی خراپ:

هاوڕێی خراپ بەرەو زۆرترین هەڵە دەتبات، یەکێک لەو هەڵانەیش هاوڕێی خراپ پێت دەکات پەیوەندی حەرامە، بۆ نموونە خۆی لە پەیوەندی حەرامدایە شتەکە هێندە شیرین دەکات لەلای تۆ، وات لێ دەکات هەست بە کەمی بکەیت و بەدوای ئەو شتەدا بگەڕێیت، یان لەدوورەوە کەسێکت بەدڵە، تۆیش لەلای ئەو هاوڕێیەت باسی دەکەیت، ئەویش بەخراپی ڕێگات بۆ دادەنێت و تووشی حەرامت دەکات...

* ئەگەر خوێندکاریت هەرگیز بەوە فریو نەخۆیت کە هاوڕێکانت کەپلیان هەیە دەبێت تۆیش هەتبێت، چونکە هەندێ جار گەرچی تووشی حەرامیش دەبیت بڕیاری هەڵە دەدەیت

لە هەڵبژاردنی کەسەکەدا، چونکە تۆ بۆ هاوژینێکی گونجاو نەگەڕاویت، بەڵکوو هەستت بە فەراغێک کردووە و ویستوتە پڕی بکەیتەوە...ئەگەر تووشی پەیوەندییەکە بوویت، هێدی هێدی هەوڵدە ڕزگارت بێت لێی، نەک جاڕی بۆ بدەیت و هەموو کەسێک تێبگەیەنیت، هەم بدەیت لە کەسایەتی ئەو کەسەی لەگەڵیدا لە پەیوەندیدایت، هەم بانگەواز بۆ کاری خراپە بکەیت...

* خاڵێکی تر ئەوەیە، ئەگەر کچێک، کوڕێک داوای خۆشەویستی لێ کرد، ئەوە هیچ یەکسەری با ئاڕێکی باشی بداتێ و بلۆکی بکات، بەڵام نەچێت لەنێو هاوڕێکانیدا باسی بکات و بدات لە شەخسیاتی، بەڵکوو بیپۆشێت و سوپاسی خودا بکات کە تووشی حەرام نەهاتووە...لە قۆناغی دواناوەندی و زانکۆ ئەو شتانە هەر ڕوودەدات، بەڵام ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ بکە و ئاگات لەخۆت بێت...باش بزانە نەبوونی کەپڵ نەقس و کەمی نییە، هی ئەوە نییە ناشرینیت و لە هاوسەرگیری دواکەوتویت، بەڵکوو خودا تۆی پاراستووە سوپاسی بکە لەسەری، خۆت بپارێزە هەتا بە حەڵاڵی کەسێکی باش دێتە ڕێت...

## ١٢. خوێندنەوەی ڕۆمان و کتێبی بێسوود و خراپ:

کۆمەڵێک نووسەر و شاعیر هەیە، کۆمەڵێک پەیج و نووسین هەیە، خویێ دەکەن بە برینەکانتدا، ئازارت دەدەن، خەمبارت دەکەن و دۆخەکەت خراپتر دەکەن، حەرام و پەیوەندی حەرام لەبەرچاوت جوان دەکەن...خۆت بەدووربگرە لێیان و مەبە

هۆکاری بەناوبانگ بوونیان، ئەوان شتانێکت لەلا جوان دەکەن کە لە ئیسلامدا حەرامە و جێبەجێ کردنی تووشی حەرام و عەیبەت دەکات، تووشی خەیاڵ پڵاویت دەکەن و فریوت دەدەن...

## ١٣. تێکەڵاوی نێوان کوڕان و کچان:

لەوەیە ببیتە یەکێکی تر لە قوربانییەکانی تێکەڵاوی نێوان کوڕان و کچان، کە هەزارەها قوربانی هەیە، بەڵام بەداخەوە ئێستا تێکەڵاوی ئاساییە، لەدەمێکدا هەنگاوێکە بۆ زۆرترین هەڵە و خراپە، دەروازەیەکە بۆ چەندین پێخلیسکان...

### وەک پێشتر وتمان: ئەگەر لە شوێنێک بوویت کوڕ و کچ تێکەڵبوون:

زۆر تەماشا مەکە، زۆر قسەمەکە، سۆعبەت مەکە، سنووری خۆت و ئەو بزانە،

با قسەکانت کورت و پوخت بن، زۆر کراوە مەبە، ئامان ئاگات لەخەڵوە بێت، قسەیەک مەکە دوو واتا هەڵبگرێت، مەودایەک با لەنێوانتاندا هەبێت...

### تێکەڵاوی مەبەستمان لەهەموو جۆرەکانە:

- لەگەڵ خزماندا (ئامۆزا، پورزا، خاڵۆزا...)
- زانکۆ و پەیمانگاکان.
- سەیرانی بە کۆمەڵ و گرووپ.
- گرووپی کتێب خوێندنەوە.

- گرووپی شاخەوانی: کە پۆشاکی کوڕ و کچ لەو دەمەدا ڕووی ئەوەی نییە تەماشا بکرێت، پێویستە ئەگەر هەر کرا نابێت تێکەڵاوی ڕووبدات، لەگەڵ ئەمەیشدا ئەگەر لەگەڵ ڕەگەزی خۆشیدابوو دەبێت پۆشاکەکەی شیاو بێت، ڕووی دانیشتن و مامەڵەکردنی هەبێت...

* هەموو ئەوانە ئەگەر بەشێوەیەکی گونجاو و باش مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، پەیوەندی حەرام و شتی حەرامی تری لێوە بەرهەم دێت.

لەمەدا دەبێت ئەو کەسانە وریای خۆیان بن کە لە بوارە ئیسلامیەکەدا خزمەت دەکەن، لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا پێویست نەبێت قسە نەکەن، شەیتان فریویان نەدات و بڵێن: مولتەزیمین و ئاگامان لە سنووری خۆمانە...

ئافرەتەکانیش باشتر وریابن و دەست شل نەکەن، سنوور دابنێن بۆ ڕەگەزی بەرانبەر گەرچی ئەوەی بەرانبەر لەبەرکاری هەموو قورئان بوو....

* تێکەڵاویەکی تر کە مایەی زیان و کەوتنە ناو حەرامەوەیە، تێکەڵاوییە لەگەڵ ئەو کەسەی لەگەڵیدا کار دەکەیت، چەندین جار چوومەتە شوێنێک بۆ پێویستیەک ئەوەی بینیومە کرانەوەیەکی زۆر لە سنوور دەرچوو هەیە، قسەکردنێک کە پێویست ناکات، باس کردنی شتانێک کە نابێت بۆ یەکتری باس بکەن، تۆ لە شوێنێک کار دەکەیت مەرج نییە لەگەڵ هەمووواندا کراوەبیت، پێویست ناکات دابنیشیت و دەست بکەنە دەمەتەقێ، باسی

شتانێک بکەن کە پەیوەندی بەکارەکەتانەوە نییە، چونکە ئەمە زیان دەدات لێت و بە تاوان لەسەرت دەنووسرێت، دەتوانیت لە کارەکەتدا سەرکەوتووبیت و سنوری خودایش نەبەزێنیت، لەگەڵ ڕەگەزی خۆتدا دابنیشیت و سنووریک بۆ ڕەگەزی بەرانبەرت دابنێی، ئیتر پێت دەوترێت وشکیت یان کراوەنیت با هەر بڵێن، گرنگ ڕازی کردنی خودا و سەربەرزکردنی خێزانەکەتە، نەک ڕازیکردنی خەڵکی...

### ١٤. بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدۆکانت لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا:

ئەمەیش دیاردەیەکە کە لە ناو ئافرەتاندا زۆر بڵاوە، وێنە و ڤیدۆی خۆیان بڵاودەکەنەوە، ڕاستە لەوەیە هاوڕێی کوڕی نەبێت، بەڵام لەوەیە هاوڕێ ئافرەتەکانی سکرینی بکەن و بۆ کوڕی بنێرن، ئەمەیش دەرگایەکە بەرەو پەیوەندی حەرام... خوشکە باڵاپۆش و نیقابەکانیشمان لەمەدا زیادەڕەوی دەکەن، زۆر خۆیان دەردەخەن و چاویان زۆر دەردەخەن، نیقاب بۆ ئەوەیە جوانیەکانت بە شێوەیەکی باشتر داپۆشیت، نەک جوانیەکی ڕووخسارت باشتر دەربخەیت، بۆ ئەوە نییە جۆرەها ڤیدۆی خۆت بگریت و لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا دایبگریت، بێ موجامەلە لەمەدا زیادەڕەوی دەکەن و جۆرەها ستۆری دادەنێن کە حەڵاڵ نییە، شتێک دروست نەبێت نیقاب و باڵاپۆشی بۆت حەڵاڵ ناکات، تکایە ئاگاداری ئەم خاڵانە بە و هەوڵدە کەمترین وێنەی خۆت بڵاوبکەیتەوە، هەروەها وێنەی زۆر بۆ هاوڕێکانت مەنێرە، چونکە دواتر پەشیمانی دادت نادات...

* هەتا دەتوانی ڕەسمی بە کۆمەڵ لە زانکۆ مەگرە، چونکە وێنەکەت دەچێتە لای هەموو کەسێک، ئای چەن ڕقم لەو وێنانەیە کە کوڕێک لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا وێنەی گرتووە و بڵاوی دەکاتەوە، کە زۆربەی کچن و پێویست ناکات فرێندەکانی ئەو وێنانە ببینن، بۆ یادگاری و هاوڕێیی زانکۆ ئەوە حەڵاڵ ناکات وێنەی خۆت لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا دابنێی یان هەڵی بگریت و لای خۆت بیهێڵیتەوە، ئەو وێنەی تۆ دەگاتە بەرچاوی چەندین کەس کە دروست نییە تەماشای بکەن یان وێنەکەیان لابێت... بە وێنەنەگرتن و بڵاونەکردنەوەی هیچت لەدەست ناچێت، بەڵام پێچەوانەکەی لەوەیە شتی زۆرت لەدەست بچیت و تووشی حەرامت بکات...

* ئەو شەپۆلە ئافرەتە باڵاپۆشەی کە لە ئینستاگرامدا هەموو وردەکارییەکانی ژیانی خۆیان پۆست دەکەن، هەموو شتێکی تری کچە مۆدێلەکان دەکەن بەڵام بە لەچکەوە، ئەمیش هۆکارێکی تری خراپە لەسەر ئافرەتەکانی تر و وایان لێ دەکات ئەمانیش وێنەی خۆیان بڵاوبکەنەوە، لەکاتێکدا ئەوەی دەبینرێت تەنیا باڵاپۆشن ئەگینا بە هەر چوار لادا جوانی خۆیان دەردەخەن و بەدوای مۆدێلاتەوەن، کە ئەمە دژی ئامانجی باڵاپۆشییە، باڵاپۆشی واتە شاردنەوەی جوانیەکانت نەک بڵاوکردنەوەی، وەک وتمان شتێک کە حەرام بێت، باڵاپۆشبوونت بۆت حەڵاڵ ناکات...

١٥. متمانەبوون بەخۆت و نەترسان لە فیتنە و خراپە.

١٦. وەڵامدانەوەی هەموو نامەیەکی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

١٧. ڕاکردن لە هەندێ گرفت و پەنابردن بۆ پەیوەندی حەرام.

١٨. باسکردنی کێشە و خەمەکانت بۆ ڕەگەزی بەرانبەر.

١٩. لاسایی کردنەوەی فیلم و دراماکان.

٢٠. گرفتی نێوان دایک و باوک، گرفتی خێزانی.

٢١. دواکەوتنی هاوسەرگیری.

love

## مەترسی و سەرەنجامی
## پەیوەندی ناشەرعی نێوان کوڕان و کچان

١. کەوتنە ناو شیرکەوە:

هەندێ جار هێندە خۆشەویستیەکەی زۆر دەبێت، دەچێتە ئاستی شیرکەوە، لەهەموو تاوان و سەرپێچیەکدا گوێڕایەڵی مەعشوقەکەی دەکات، سنوورەکانی خودای بۆ دەبەزێنێت...

٢. کەسەکە بەردەوام لەتاواندایە.

٣. بەزاندنی سنوورەکانی خودا و سنوورەکانی کۆمەڵگا.

٤. وێرانبوونی گەنج و سەرقاڵبوونی بەشتی خراپەوە.

٥. زاڵبوونی ترس و خەفەت بەسەر ژیانیدا.

٦. لەوەیە ببێتە هۆی شکستهێنان لە خوێندندا.

٧. ڕەتکردنەوەی هاوسەرگیری و مانەوەی ئافرەتان.

٨. نەمانی ڕێز و بەهای ئافرەتەکە لەلای ئەو کەسەی لەگەڵیدا لەپەیوەندیدایە.

٩. گومان و ترسێک کە دوای هاوسەرگیری هەر دەمێنێت.

١٠. چاوەڕانکردنی شتێک کە ئەگەری زۆرە نەیەت.

١١. دروستبوونی خیانەتی زەوجی.

١٢. تووشبوون بە خەمۆکییەکی زۆر.

١٣. لەوەیە تووشی صەدمەیەک بێت کە بۆی قبوڵ نەکرێت و تووشی چەندین هەڵەی بکات.

١٤. متمانەنەبوون بە هاوسەری داهاتووی.

١٥. ئاسایی بوونەوەی ئەنجامدانی حەرام.

١٦. دەربڕینی هەستەکان بۆ کەسێک لەوەیە بۆ ئەو نەبێت.

love

## بەشێك لە چارەسەرەکان

**١.** تەوبەیەکی ڕاستگۆیانە:

ڕووبکەرەوە خودا، داوای لێخۆشبوونی لێ بکە، دان بە هەڵەی خۆتدا بنێ، پەشیمانی خۆت دەربڕە، سوپاسی بکە کە مۆفەقی کردوی ڕزگارت بێت لەو تاوانە، دەرگای کراوەبووە بۆت، داوا بکە خۆی دوبارە ڕزگارت بکاتەوە، دڵنیابە خودا تەوبەکەت وەردەگرێت، کارت بۆ ئاسان دەکات، لێت خۆشدەبێت، حەڵاڵت بۆ ئاسان دەکات، باشتر دەهێنێتە ڕێت، لێت ڕازی دەبێت و ڕازیت دەکات، گومانی باشی پێ ببە، تاوانەکەت گەورەیی ڕەحم و بەزەیی خودات لەبیر نەباتەوە، ئەگەر جوان تەوبە بکەیت ئەو تاوانە دەبێتە ڕەحمەت بۆت، دەبێتە خاڵی وەچەرخانی ژیانت نەک ڕووخانت...

**٢.** پشت بەستن بەخودا و ڕازیبوون بە قەزا و قەدەرەکەی:

دوای ئەوەی هەوڵی خۆتت دا و کەسەکە بەنسیبت نەبوو، ڕازیبە بە قەدەری خودا، سوپاسی خودا بکە لەسەر ئەوەی پێی بەخشیویت، وەها تەماشای ئەمەش بکە کە بەخشینە و ئاوا بۆ تۆ باشترە، دڵنیابە خودا باشترینی بۆتۆ دەوێت، پشت بەخودا ببەستە، بێ بەشبوون بەشێکە لەژیان و ئەمە لە خودات دوور نەخاتەوە و گومانی خراپی پێ ببەیت.

٣. سەرقاڵبوون بەکاری چاکەوە و پاککردنەوەی دڵ لەوشتانەی لەخودا دوورت دەخاتەوە.

٤. نزیکبوونەوە لە ژینگەیەک کە هانت دەدا بۆ گوێڕایەڵی خودا.

٥. زۆر زیکرکردن.

٦. دوعاکردن و داوا لەخودا بکەیت کارت بۆ ئاسان بکات.

٧. پەنابگریت بەخودا لەوەی لەشەڕی شەیتان پاشان لە شەڕی نەفست بتپارێزێت.

٨. بالآپۆشی تەواو.

٩. تەماشانەکردنی حەرام.

١٠. تێگەیشتن لە حەقیقەتی خۆشەویستی.

١١. ئاسانکردنی هاوسەرگیری.

١٢. هاوڕێی باش.

١٣. دایک و باوک گرنگی بە منداڵەکانیان بدەن و نازیان هەڵبگرن.

١٤. بەرزکردنەوەی هۆشیاری لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەلآیەتیەکاندا.

١٥. دووربوون لەو شتانەی گەنجان دەوروژێنێت و بەلاڕێدا دەیبات.

love

## چۆن واز لە پەیوەندی حەرام بهێنم:

– ئەگەر دەزانن بۆ یەکتری گونجاون، بگەنە خاڵی کۆتایی ئەم پەیوەندییە کە هاوسەرگیری کردنە، بەجددی لەبارەیەوە قسە بکەن، واقعیانە تەماشای شتەکان بکەن، ئەگەر دەزانن بۆتان ناگونجێت، یان کوڕەکە هێشتا زۆری ماوە بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکات، ئەوە خۆتان فریو مەدەن و باری سەرشانتان قورس مەکەن، وازبهێن و سەرقاڵی ژیانی حەقیقی خۆتان بن، مانەوەت لەم دەمەدا باری سەرشانی هەردووکتان قورستر دەکات و هیچ لە واقعیشتان ناگۆڕێت...

– بەڕوونی هۆکاری وازلێهێنانەکەی پێ بڵێ و بە پێچ و پەناوە قسە مەکە...

– بەبێ سوود بە ئومێدی مەکە و دوایش هیچت بۆ نەکرێت، تاوانێکی زۆر گەورەیە هیوایەکی زۆر بە کەسێک ببەخشیت و دڵی پەیوەست بکات بە چەندین شتەوە، بەڵام هەموو ئەمانەت بە درۆبێت و بۆ کات بەڕێکردنت بووبێت، لەوەیە لای تۆ سانا بێت، بەڵام لای خودا تاوانێکی گەورەیە و هەر لە دونیادا باجەکەی دەدەیت...

– بۆ وازهێنان لەو پەیوەندییە پشت بە خودا ببەستە، متمانەت بە خودا بێت و لە بڕیارەکەت پاشگەز مەبەرەوە، دواتر دەست بگرە بە هۆکارەکانەوە، داوا لەخودا بکە یارمەتیت بدات، بەرچاو ڕۆشنت بکات، ئەگەر خێری تێدایە نزیکی بکاتەوە، ئەگەر شەڕی تێدایە دووری بخاتەوە...

- سەرەتاماندوو دەبیت، بەڵام ئارام بگرە،

خودا بە حەڵاڵ بۆت قەرەبوو دەکاتەوە، لەکۆتاییدا سەرکەوتوو دەبیت.

- ئەو شتانەی ئەو دەهێنێتەوە یادت بیسڕەوە،

با هیچ ئامراز و بەرنامەیەکی گەڕانەوەت لا نەبێت، هەموو دەرگاکان دابخە،

تەماشای شتێک مەکە کە پەیوەندی بەتۆوە نەماوە،

گوێ لە شتی خراپ و گۆرانی خراپ مەگرە...

- مەهێڵە کاتی بەتاڵت زۆر بێت، خۆت بەشتی باشەوە سەرقاڵ بکە...

- لەدوای ئەمە هاوڕێیەتی کەسی باش بکە و

ئەو فەراغەی ئەو دروستی دەکات بە شتی باش پڕی بکەرەوە...

- ڕووحت ئاسوودە بکە بە بوونی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ خودادا...

- باوەڕت وابێت ئەمە قەدەری خودابووە و خێری تێدایە...

- لەلای خەڵکی زۆر باسی ئەو پەیوەندیەت مەکە،

بۆ ئەوەی دووبارە نەچیتەوە سەری.

– ئەمە کۆتایی ژیان نییە، زۆربەی خەڵکی بەم دۆخەی تۆدا تێپەڕیون،

ئێستا زۆر باشن و باشترین ژیانیان هەیە،

خودا دڵی سارێژکردون و قەرەبووی بۆ کردونەتەوە...

love

## خاتیمەی کەلام

سوپاس بۆ خودا گەیشتمە کۆتایی کتێبەکە، دڵسۆزانە هاتمە گۆ و وەک برایەکی خەمخۆر ئەوەی بە پێویست و چارەسەرم زانی خستمە ڕوو، ئەوەی هۆکاربوو پێشانم دایت، پشتیوان بەخوا زۆرترین سوودی لێ دەبینین، هیوادارم ببێتە پارێزەرێک بۆتان، ببێتە باشترین ڕێبەر بۆ ئەوەی لە فێڵ و تەڵەکەی شەیتان پارێزراوبن، ان شاءالله کتێبەکە دەبێتە مایەی گۆڕانکاری و هەنگاونان بەرەو باشتربوون، خودا ڕێگای حەڵاڵ و هاوسەرگیری بۆ هەموو گەنجێک ئاسان بکات، خودا سەربەرزتان بکات و لە کەسی خراپ بتان پارێزێت...

ئەمە کۆمەڵێک ئامۆژگاری کەسێکی دڵسۆزبوو بۆ ئێوەی خۆشەویست، دڵنیابن خێر و باشەی ئێوەم دەوێت، ئاسوودەیی ئێوەم دەوێت، خوێنەرەکانی خۆمم خۆشدەوێت هەربۆیە ئەم کتێبەیش هاتەبوون...

دوعای خێرمان بۆ بکەن(١)...

---

(١) بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاوڕۆشن بیت ئەم کتێبانە بخوێنەوە:

* من نزیکم﴿فَإِنِّي قَرِيبٌ﴾ ئامادەکردنی: ئەیاد فەهمی.

* لەبارەی خوداوە بۆتان دەدوێم، ئامادەکردنی: ئەیاد فەهمی.

* سڵاوت لێ بێت هاوڕێ گیان، ئەدهەم شەرقاوی.

* تۆش یەکێکیت لە هاوەڵان، ئەدهەم شەرقاوی.

* بۆ دڵشکاوەکان ، ئەدهەم شەرقاوی. لەداهاتوودا چاپ دەکرێت.

﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجا ﴾

ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت،

خوا دەرووی لێ دەکاتەوە...

پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت:

لەبەر خودا واز لە هەر شتێک بهێنیت،

ئیللا خودا بە باشتر قەرەبووت بۆ دەکاتەوە...

# ناوەڕۆك

ئەم کتـێـبـە پێشەکەشە بـە................................................... ٦
پێشەکی.............................................................................. ٧
وتەی دکتۆر بەختیار کەمال تاڵەبانی لەسەر ئەم کتێبە ........................ ٩
ئەم کتێبە بۆ کێ بەسوودە........................................................ ١١
هۆکارەکانی کەوتنە ناو پەیوەندی ناشەرعی ................................. ٩٥
١. بەتاڵی دڵ لە خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەکەی:........................ ٩٥
٢. پەیوەست بوونی دڵ بە تاوان و ئارەزووەکانەوە: ............................ ٩٥
٣. وابەستەنەبوون بە شەریعەتی ئیسلامـەوە....................................... ٩٦
٤. فەزاغی دەروونی و ڕووحی و سۆزداری: ...................................... ٩٦
٥. ڕازاندنەوەی لەلایەن شەیتانـەوە: ................................................ ٩٧
٦. قورسکردنی هاوسەرگیری:........................................................ ١٠١
٧. ڕەهاکردنی چاو و تەماشاکردنی حەرام:...................................... ١٠٤
٨. بە کەم تەماشاکردنی تاوانەکە و خۆ خەڵەتاندن بەوەی دواتر .. ......... ١٠٦
٩. بوغرابوون بە فراوانی ڕەحمەتی خودا و لێخۆشبوونەکەی:................ ١٠٦
١٠. ناپۆشتەیی ئافرەتان:............................................................. ١٠٧
١١. هاوڕێی خراپ:...................................................................... ١٠٧
١٢. خوێـنـدنەوەی ڕۆمان و کتێبی بێسوود و خراپ:............................ ١٠٨
١٣. تێکـەڵاوی نێوان کوڕان و کچان:................................................ ١٠٩
١٤. بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدۆکانت لـە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا:.............. ١١١
مەترسی و سەرەنجامی پەیوەندی ناشەرعی نێوان کوڕان و کچان .......... ١١٤
بەشێک لە چارەسەرەکان.......................................................... ١١٦
چـۆن واز لە پەیوەندی حەرام بـهێـنم:........................................... ١١٨
خاتیمەی کەلام...................................................................... ١٢١

## بەشێك لەبەرهەمەكانم

١. مـن نـزیـكـم ﴿فَإِنِّي قَرِيبٌ﴾

٢. سوورەتی بەقەرە نوور و بەرەكەتی ژیانت.

٣. ژووان، سـەبارەت بە پەیوەندی نێوان كوڕان و كچان...


زنجیرەی ژیاننامەی پێغەمبەران، ژیاننامەی ٢١پێغەمبەری تێدا باسكراوە وەک چۆن لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە، لەگەڵ سەدەها تێڕامان لەو ئایەتە پیرۆزانە، بریتیە لە شەش بەرگ:

١. لەبارەی ئادەم بۆتان دەدوێم ٢. لەبارەی ئیبراهیم بۆتان دەدوێم

٣. لەبارەی یوسف بۆتان دەدوێم ٤. لەبارەی مووسا بۆتان دەدوێم

٥. لەبارەی سولەیمان بۆتان دەدوێم ٦. لەبارەی عیسا بۆتان دەدوێم

نوێترین بەرهەمیشم بە ناوی (تاجی بەختەوەری)یە، لەكتێبەكەدا باسی چەندین تەوەری گرنگم كردووە سەبارەت بە باڵاپۆشـی، زۆربەی وتەكان هاندانـە بۆ خانمانی باڵاپۆش، لەگەڵیدا چـارەسەری گرفتەكانم داناوە، كتێبەكە بۆ هەموو خانمێكی باڵاپۆش بەسوودە، هەر تەمەنێک بیخوێنێتەوە بەشی خۆی سوودی لێ دەبـینێت، پشتیوان بەخوا كتێبەكە بخوێننەوە بۆ ئەوەی دوای خوێندنەوەی كتێبەكە چەندین بڕیاری قەشەنگ و عیبادەتی مەزن هاتبێتە ژیانتەوە...



## زۆربەی بەرهەمەکانــم لەم شوێنانە بەردەستە

سلێمانی: ناوەندی ڕێنوێن، کتێبفرۆشەکانی سەرا، کتێبفرۆشی گۆران.

هەولێر: کتێبخانەی ئاشتی، کتێبخانەی باڵدار ناونیشان: داون تاون

ڕانیە: کتێبخانەی ئەحمەدی کۆیی، ناونیشان: ناوبازاڕ، نزیک بیتوێن مۆڵ

کەلار: کتێبخانەی شار ناونیشان: تەلاری زانکۆ، تەنیشت یانەی ڕۆشنبیری.

کتێبخانەی خاک...

قەڵادزێ: کتێبخانەی جودی، ناونیشان: بەرانبەر بانکی قەڵادزێ.

سۆران: کتێبفرۆشێ مێخەک، ناونیشان: شەقامی گشتی، بەرانبەر یاریگا.

چەمچەماڵ: کتێبخانەی کارزان، ناونیشان: پشت بازاڕی دۆلارەکە.

سەید صادق: کتێبخانەی بێخود، ناونیشان: تەنیشت مزگەوتی شێخ تاهیر.

دەربەندیخان: کتێبخانەی ڕەسەن، شەقامی ٣٠مەتری بەرانبەر یاریگای کرێکاران.

کۆیە: کتێبخانەی سۆفیا، بازاڕی گشتی، کۆڵانی دیانان، بەرانبەر دەرگای قەیسەری.

هەڵبجەی شەهید: کتێبخانەی شکۆ، ناونیشان: بازاڕی کڵاشفرۆشەکان.

بۆ گەیاندن بۆ ناوشاری سلێمانی و دەوروبەری: ٠٧٥٠١١٨٩٦٩١

بۆ گەیاندن بۆ ناوشاری هەولێر و دەوروبەری: ٠٧٥١٧٤٦٧٠٤٠

بۆ سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان: ٠٧٥٠١١٨٩٦٩١

***